# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

پێنجشەممە ١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٥ ـ ٥ی مەی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٧٩ ■ www.kurdistanukurd.com

### کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی "ئازادیی مەزهەب": بارودۆخی ئازادیی مەزهەب ئێران خراپتر بووە

کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی "ئازادیی مەزهەب" لە ئامریکا ڕۆژی دووشەممە ١٣ی بانەمەڕ ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی بارودۆخی ئازادیی مەزهەب لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان بڵاوکردەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لیستی وڵاتانی پێشێلکردنی ئازادیی مەزهەبدا هاتووەو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەم وڵاتانەیە کە ئازادیی ئایینو ئایینزای تێدا پێشێل دەکرێ. ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بارودۆخی ئازادیی ئایین لە ئێران خراپتر بووە.

ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادیی مەزهەب لەبارەی بارودۆخی کەمینەی بەهاییەکان دەڵێ کۆماری ئیسلامی ڕوونو ئاشکرا مافەکانیان پێشێل دەکاو ژیانی پێ تاڵ کردووون. هەروەها دەزگای قەزایی‌و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵسوکەوتی زۆر خراپی لەگەڵ ئەم کەسانە بووە کە ڕوویان لە ئایینی مەسیح کردوەو کۆمەڵێک لە مەسیحیەکانی ئێران کە تا مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ لە بەندیدا بوون، زیاتر لە ٩٠ کەس بوون.

لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی ئازادیی مەزهەب ئەوەش هاتووە کە مافو ئازادییەکانی موسڵمانە سوننی مەزهەبەکانیش لە ئێران لەلایەن ڕێژیمی شیعەی دەسەڵاتبەدەستی ئێرانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرتەسک کراوەتەوە.

# سیستەمی سیاسیی ئێران لە داهاتووی
# پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکانی پارێزگەی ورمێ بەرپرسیارە



سەرەڕای زۆریو بەرچاوبوونی ڕێژەی دانیشتوانی کوردی ورمێو دەوروبەر، هەر سێ نوێنەری هەڵبژێراوی ئەم حەوزەیە، لە دەیەمین هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا، تورکن.

لە خولی یەکەمی دەیەمین هەڵبژاردنی مەجلیس، تەنیا یەکێک لە بەربژێرەکانی ئەو حەوزەیە، بە ناوی نادر قاضی پور کە تورکە ، توانی دەنگی پێویست بە دەست بێنێ. چارەنووسی ٤ بەربژێری دیکەی ئەم حەوزەیە هەڵگیرا بۆ خولی دووهەمی ئەو هەڵبژاردنە. دوو لەو چوار بەربژێرە بە ناوەکانی حاکم مەمکان و مەجید میلان کورد بوون. چاوەڕوان دەکرا لانیکەم یەکێک لەو دوو بەربژێرە، وەک نوێنەری دەنگدەرانی کوردی ئەم دەڤەرە ڕێگای چوون بۆ مەجلیسیان پێ بدرێ. بەڵام بەڕێوەبەرانی هەڵبژاردن، دوو بەربژێرە تورکەکەیان وەک کاندیدای سەرکەوتوو ڕاگەیاند.

بەو هۆیەوە کە کوردەکان کەمترین ڕۆڵو چاوەدێرییان لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن‌دا هەیەو لە هەموو ناوەندو دامەزراوە حکوومی و دەوڵەتییەکان پەراوێز خراون، سەرکەوتنی دوو کاندیدای تورکو دەرنەچوونی هیچ کاندیدایەکی کورد، ناسروشتی دەنوێنێ. هەر بۆیە ئاکامی خولی دووهەمی هەڵبژاردن لەم دەڤەرە لە گەڵ ناباوەڕیی کوردەکانو بێ متمانەیی زیاتریان بە داموو دەزگا پێوەندیدارەکان بەرەوڕوو بووە. لەم پێوەندییەدا چەندین سکاڵاو نارەزایەتینامە بە بەڵگەو زانیاریی پێویستەوە، بەرەوڕووی دامەزراوە پێوەندیدارەکان کراونەوەو کۆمەڵێک هەوڵی کاربەدەستانی ئەو شارە بۆ گۆڕینی بە ئەنقەستی ئاکامی هەڵبژاردنەکەو لە زیانی کوردەکان، لەقاو دراون.

لە شاری ورمێ کە ناوەندی پارێزگای ورمێیەو لە شارو ناوچەکانی دەوروبەر کە دوو نەتەوەی کوردو تورک پێکەوە دەژین، لە مێژساڵە پشتگەرم بە پشتیوانیو هاودەستیی داموودەزگا حکوومەتیو دەوڵەتییەکان، کوردەکان پەراوێز خراونو لە گەڵ هەڵاواردنێکی ئاشکرای نەتەوەیی بەرەوڕوون. وەک هەوڵێک بۆ نەهێشتن یا کەمکردنەوەی ئەم هەڵاواردن و پەراوێز خستنانە، کوردەکان لەم دوو خولەی هەڵبژاردن‌دا بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە خولەکانی پێشووو بە گیانێکی نەتەوەییو یەکگرتووانە هاتنە مەیدانو هەوڵیان دا بە دەنگەکانیان ئەم دۆخە بگۆڕن. ئەوە کە سیستەمی سیاسیی وڵاتو دامەزراوە پێوەندیدارەکان وڵامی ئەرێنییان بەم هەڵویستەی کوردەکان نەدایەوە، لە ڕوانگەی چاوەدێرانی سیاسی، زیانی گەورە بە داهاتووی پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان لەم دەڤەرە دەگەیەنێ. هەر بۆیە ئەگەر کەمترین هەستی بەرپرسیارەتییان تێدا بێ، پێویستە لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەم سیاسەتەیان دابن.




با ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە ڕۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی

٤



ئەزموونی جێگای تێڕامانی کوردەکانی ورمێ و دەوروبەر لە ململانێی هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا

٥



کوردستانی سوور لە نێوان بەرداشی ناکۆکییەکانی ئەرمەنستانو ئازەربایجان‌دا

٦



کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەی‌دا

٨

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦ (بەشی پێنجەم)

٩


## تەنیا ڕێگاچارە کوردایەتی‌یە

**مستەفا شەڵماشی**

لە سەردەمی ئێستادا چەمک و دەستەواژە سیاسی‌یەکان مەفهوومی خۆیان لەدەست داوە و زۆرتر وەک ئامڕازێک بۆ شاردنەوەی ئامانجی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێن. سۆشیال میدیا کارێکی کردوە کە هەموو کەس ببێتە نووسەر، سیاسەتوان، تەحلیلگەر، شۆڕشگێڕ، چالاکی مەدەنی، پسپۆڕی نیزامی، پسپۆڕی سیاسی، چاوەدێری سیاسی و ...هتد. چەمکەکانی وەک دێموکراسی، سۆسیالیزم، شۆڕشگێڕی، نەتەوەخوازی، فیدڕالیزم و ..هتد، بەرگی زانستی‌یان لەبەر داماڵراوە و هەرکەس و لایەنێک بە گوێرەی قازانجەکانی خۆی واتایان بۆ دادەتاشێ. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک لە دنیای مەجازی‌دا بێ ئەوەی هیچ تایبەتمەندی‌یەکی پسپۆڕی‌یان تێدا بێ، بۆخۆیان بڕوانامەی هەموو پسپۆڕی‌یەکانیان داوە بە خۆیان و دەم لە هەموو بوارەکان وەردەدەن. جگەلەوە وەکالەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆشیان داوە بە خۆیان و لە جیاتی هەمووان قسە دەکەن.

ئەو بازاڕە شێواوە لە نیو کوردان‌دا بە داخێکی گرانەوە کڕیاری زۆرتریشی هەیە و خەریکە شوێن لەسەر هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد دادەنێ. کۆمەڵێک لەوانە خۆ وە ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان هەڵدەواسن؛ دەبنە لایەنگری شێلگیری لایەنێک و لێی دەبنە پسپۆڕی هەموو شتێک. لە هەموو بوارەکان‌دا دەبنە پسپۆڕی ئەو ڕێکخراوەیە و لە هەموو بوارەکانیش‌دا نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە دەدەن بە خۆیان. بڕیار بۆ ڕێکخراوەکە دەدەن و حوکم بۆ ڕەقیبانی سیاسیی ڕێکخراوەکە دەردەکەن. بە یەک چرکە خەباتکاری نەتەوەیی دەکەنە جاش و هەر بە چرکەیەکیش جاشی چەندین ساڵە دەکەنە باش. کەش و هەوای سیاسی بە داخەوە هێندە شێواوە کە لایەنگرێکی تازەهاتوی منداڵی هیچ نەزان، دەتوانێ شوێن لە سەر پەیوەندیی نێوان دوو خەباتگێڕ کە زیاتر لە سی ساڵ لە یەک سەنگەردا بوون و بە دەیان جار پێکەوە لە سەنگەری خەبات دا لە مەرگ ڕزگاریان بووە دابنێ.

درێژە ل٢

## پێنج دەیەکی بنەماڵە کرێکارییەکان لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری‌دان

داهاتی ٥ دەیەکی یەکەمیێ بنەماڵە کرێکارییەکان لە ئێران کەمتر لە لانیکەمی ئەو هەقدەستەیە کە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە.

وەزارەتی تەعاون، کارو خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەقدەستو تێچووی بنەماڵەی کرێکاران بڵاو کردەوە کە نیشانەی فراوانیی قەڵشتی نێوان داهاتو ژیانی ژێر هێڵی هەژاریی زیاتر لە نیوەی کرێکارانن.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە داهاتی مانگانە سەدی ٧ی بنەماڵە کرێکارییەکان ٢٧٥ هەزار تمەنە کە نیشانەی بێکاریی ئەم بنەماڵانەیەو ژیانیان لە ڕێگەی وەرگرتنی یارانەی نەغدی‌و یارمەتیی هەندێ لە ڕێکخراوەکان هەڵدەسووڕێ.

هەروەها داهاتی ساڵانە دوویەمین گرووپی بنەماڵە کرێکارییەکان ٤ میلیۆن و ٥٠٠هەزار تمەن بۆ ٦ میلیۆن تمەن بەراورد کراوە کە ئەمە بەم مانایەیە کە لانی زۆری داهاتی مانگانەیان ٥٠٠ هەزار تمەنە.

وەزارەتی تەعاون، کارو خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە نزیک بە سەدی ٢٢ی بنەماڵەکانی دەیەکی دووهەم داهاتیان کەمتر لە لانیکەمی هەقدەستەکانیانە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، داهاتی ساڵانەی دەیەکی سێهەمیش ٦ میلیۆن‌و ٥٠٠ هەزار تمەن بۆ ٧ میلیۆن ڕاگەیەندراوە کە بە مانای داهاتی مانگانەی ٥٠٠ هەزار تمەن تا ٦٢٥ هەزار تمەنی ئەم بنەماڵانەیە. داهاتی ساڵانەی گرووپی چوارەمیش ٦٢٥ هەزار بۆ ٧٥٠ هەزار تمەن ڕاگەیەندراوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە داهاتی سەدی ٣٢ی بنەماڵەکانی دەیەکی چوارەم ٧٥٠ هەزار تمەنەو زیاتر لە سەدی ٦٥ی ئەم بنەماڵانە تووشی کەسریی بوودجە دەبنەوە.

غوڵامڕەزا عەباسی، سکرتێری کانوونی باڵای ئەنجوومەنەکانی سێنفیی کرێکارانی ئێران ڕۆژی ٧ی بانەمەڕ گوتبووی کە قەڵشتی نێوان تێچوو و داهاتی بنەماڵەی کرێکاران زۆر لەوە قووڵترە. عەباسی هەروەها ئاماژەی بە بەوەش کردوە کە ئەم درزەی نێوان داهاتو تێچوو بۆتە هۆی ئەوەی کە کرێکاران بەدوای کاری دووهەم‌دا بگەڕێن. بە قسەی ناوبراو سەدی ٦٠ کرێکارانی ئێرانی بۆ دابینکردنی تێچووی ژیان هیچ چارەیەکیان جگە پەنابردن بۆ شوغڵی دووهەم نییە.



دریژەی

## تەنیا ڕێگاچارە کوردایەتی یە

لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە داخەوە کەشوهەوا بۆ ئەو زڕە پسپۆڕانە زیاتریش گونجاوە. بە چونکە پەرش و بڵاوی‌یەکی مەترسیدار باڵی بەسەر ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌دا کێشاوە. خەباتی خۆرهەڵات بە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا تێ‌دەپەڕێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌دا مەیدانداری دەکا و توانیویەتی بزووتنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان تووشی زۆر گیروگرفت بکا. لە لایەکی دیکەوە گرژی و ئاڵۆزی لە نێو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌دا هەیە وبە تایبەت گرنگترین ڕێکخراوی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەتبوون و دووبەرەکیی لە نێودا دروست بووە، مشەخۆرەکانی سیاسی زۆر بە شێوەیەکی مەترسیدار هێلانەیان کردوە. گومانم لەوەدا نیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لەو کەشوهەوایە کەڵک وەردەگرێ و هیچ بە دووری نازانم کە مووچەخۆرەکانی خۆی بخزێنێتە نێو ڕیزەکانی ئێمەوەو هەوڵ بدا کەلێنی ناکۆکی‌یەکانمان هەرچی زۆرتر گەورە بکا و ڕێگایەک بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانمان نەهێڵێتەوە.

ئێمە چۆن دەتوانین لە نێو ئەو فەزایەی بۆمان دروست کراوە بە سەربەرزی و یەکگرتوویی دەرباز بین؟ چۆن دەتوانین بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک خەینەوە کە خەونی هەموو کوردێکی دڵسۆزی خۆرهەڵاتی کوردستانە؟ ڕێگامان بۆ لێک تێگەیشتن چی‌یە؟ ئایا تەفسیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکە سیاسی‌یەکان، ئەویش هەر لایەنەی بە قازانجی خۆی و بە دەستێوەردانی زڕە پسپۆڕەکانی سەر سۆشیال مێدیا، دەتوانێ ڕێگای یەکگرتنمان هەموار بکا؟ ئەمن دەڵێم نا. چونکە زۆر بەهاسانی دەتوانین یەکتر بە لادان لەو چەمکانە تاوانبار بکەین. بەهەرحاڵ یەک لە یەک کیش‌دارتر و ئاوهەڵگرترن. چۆن دەتوانین لێک تێبگەین کە دەرفەتەکانی نێو سیستمی دواکەوتوو و تا سەر ئێسقان نا ئینسانی و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییش لە هێندێک بواردا بۆشایی دەدا تا ئێمەی کورد خۆمانی تێدا بێنینە گۆڕێ. بە چ ڕێگایەکدا تێ‌بگەین کە زیاتر لە دە میلیۆن کورد کە گۆیا ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئەو سیستمە نەگریسەی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوویە و دەبێ لە گەڵی بژی و ناچارە لە نێو فەزاکەی‌دا هەناسە بدا. چۆن تێ‌دەگەین کە بۆ ئەو خەڵکە ڕێگایەک نەماوەتەوە جگە لەوەی لەو دەربیجانەوە کوردایەتیی خۆی نیشان بدا کە سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئامانجی خۆی دەیانکاتەوە، کە بەناو هەڵبژاردن یەکێک لەوانەیە. کەی لەوە حاڵی دەبین کە زیاتر لە سێ دەیەیە، ناسیۆنالیستانی ئازەری و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکانی وەک ورمێ، نەغەدە، سەڵماس، خۆی، هەوشار و جێگاکانی دیکە دەستیان لەنێو دەستی یەک ناوە تا دێمۆگرافیی ئەو ناوچانە بگۆڕن و لە کوردستانیان دابڕن. ئایا دەبێ دژی ئەوە بین کە کورد لەوناوچانە لە دەرفەتی بە ناو هەڵبژاردن کەڵک وەرگرێ بۆ نیشاندانی خۆی؟ وەدەرکەوتنی پیاو و ژنی کورد لە شەقامەکانی ورمێ بە کۆمەڵ و بە لیباسی کوردی‌یەوە، جا بە کەڵکوەرگرتن لەهەر دەرفەتێک بێ، بە قازانجی مەسەلەی کورد نیە؟ ئایا ئەگەر کورد خۆی بشارێتەوە و مەیدان بۆ ناسیۆنالیزمی توندڕۆی ئازەری چۆڵ بکا، سبەی ڕۆژێ ورمێ دوو دەستی تەحویلی کوردان دەدەن، یان تەنانەت ڕێگای بەشداری لە ئیدارەی ورمێ‌دا بە کوردان دەدەن.

خۆسەرگەرمکردن بە دروشمی سی ساڵ بەر لە ئێستا، یا خۆهەڵواسین بە دروشمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا لە تاران بە کەڵکی چیی ئێمە دێ. دابین‌بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد تەنانەت بە پیادەکردنی دێموکراسی لە ئێرانیش دەستەبەر نابێ، تا دڵی خۆمان بە هێندێک ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتی خۆش کەین. چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتی فرە نەتەوەدا دوو ڕێگای زیاتر لە بەر دەم نیە. یان دەبێ بە شێوەی تەوافوقی و لە چوارچێوەی وڵاتی فرەنەتەوەدا چارەسەر بکرێ بەشێوەیەک کە هەموو نەتەوەکان لە بەڕێوەبردنی هەرێمی خۆیان‌دا ئازاد بن و لە دەوڵەتی ناوەندییش‌دا بەشدار بن؛ یان دەبێ جیا ببنەوە و هەرکام دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنن. جۆرێکی دیکە لە مافی نەتەوەیی لەئارادا نیە. هێندێک ئازادیی فەرهەنگی و مافی شارۆمەندی -کە ئەویشمان هەر نیە- نابێتە مافی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی بە ئامانج بگەین پێویستە خۆمان لە قەتیس‌مان لەو چەمکانەدا دەرباز بکەین. لە جیاتی هەموو ئەو چەمک و دەستەواژانە دوو ئەسڵی سەرەکی بکەینە چرای ڕێگای خەباتمان: کوردایەتی و یەکگرتوویی. دەبێ هەوڵ بدەین هەموو چەمکەکانی دیکە بۆ خزمەتکردن بەو دووانە بەکار بێنین. دێموکڕاسی بۆ ئێمەی کورد کاتێک تام و چێژی هەیە کە مافی نەتەوەییمان دەستەبەر بووبێ. خەباتی مەدەنی کاتێک بە ئاراستەیەکی باش‌دا دەڕوا کە هەنگاوێک لە وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی نیزیکمان بکاتەوە . هاوپەیمانی لە گەڵ غەیری خۆمان کاتێک بە قازانجە کە زەبر لە یەکیەتیی نێو خۆمان نەدا. ئاڵوگۆڕ لە تاران کاتێک بۆ ئێمە پەسندە و پێویستە هاوکاریی تێدا بکەین کە چارەسەری بۆ داوای نەتەوەیی ئێمە پێ بێ. ئێمە نابێ ببینە پردەبازی سەرکەوتنی ناوەندنشینان و ماندووبوون و قوربانیدانی گەلەکەمان بکەینە دەستەچیلەی ئاگرێک کە تەنیا دووکەڵەکەی بۆ ئێمە بێ.

لە هەلومەرجی ئێستادا یەکگرتن گەورەترین پێداویستیی گەلی کوردە. بە تایبەت خۆرهەڵاتی کوردستان کە دەبێ هەستێتەوە سەرپێ، بە بێ یەکگرتن و تەنیا لە سەر یەک لاق ئەو تەکانە بە هێز و پتەوەی بۆ نادرێ. لە وەدی‌هێنانی ئەو پێویستی‌یە گرنگەش‌دا حدک و حدکا دەبێ پێشەنگ بن و هەر دووکیان ئامادە بن مایە لە خۆ دابنێن. لە پێشدا بە یەکگرتنەوەیان و دواتریش بە یەکگرتنیان لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە گوڕوتین بە خەباتی کوردایەتی و جەماوەری بدەن و گەلەکەمان لە خۆرهەڵاتی کوردستان دڵگەرم کەن و بی‌هێننە مەیدان. گومانم لەوەدا نیە کە خەڵکی ئێمە تینووی ئازادی‌یە و بە خرۆشانی هێزی لە بن‌نەهاتووی ئەو گەلە بەشخوراوە، هەموو دامودەزگای سەرکوتکەری ڕێژیم لە کوردستان تێکەوە دەپێچرێ. هێزی کوردایەتی نیشانی داوە کە هیچ ئەهریمەنێک خۆی لەبەر ڕاناگرێ.

## شاندێکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد



لە دانیشتنی نێوان شاندێکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان‌و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان‌و ناوچە هاتنە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٨ی بانەمەڕ ( ٢٠١٦/٤/٢٧ ) شاندێکی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاکەمین نەجار، ئەندامی مەکتەب سیاسیی پارتی دێموکڕات‌و بە هاوڕێیەتیی کاک میقداد عەلی، بەرپرسی لقی ٢٤ ی پارتی‌و هەیئەتی هاوڕێیان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی‌و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

لە سەرەتای ئەو دانیشتنەدا کاکەمین نەجار پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی لە کاک خالیدو هەیئەتی حیزبی دێموکڕات کردو لە درێژەی دانیشتنەکەدا دوولایەن لە سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان بیروڕای خۆیان هێنایە بەرباس.

بابەتەکانی شەڕی داعش، قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، پرسی ڕێفڕاندۆم لە باشووری کوردستان، سیاسەتی وڵاتانی ناوچە بە تایبەت ئێران لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی‌و باسەکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئێران چەند تەوەرێکی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوون.

بابەتی پێوەندیی نێون حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و پارتی دێموکڕاتی کوردستان، خوێندنەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکڕات لە بەرامبەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ناوچە چەند بابەتی دیکە بوون کە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و هەیئەتی حیزبەوە لەگەڵ شاندی میوان باسیان کرا.

## پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە گوندێکی نەغەدە سروودی شۆڕشگێڕییان بڵاو کردەوە

پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە مزگەوتی گوندێکی نەغەدە سروودی شۆڕشگێڕییان بڵاو کردەوە

پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی نەغەدە لە چالاکییەکی تەبلیغیی دیکەدا دڕیان بە شەوەزەنگی ترس‌و بێدادیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم‌داو دڵی خەڵکی ناوچەکەیان شاد کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان و کورد، شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە ٤ی بانەمەڕ، پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە درێژەی چالاکیی شۆڕشگێرانەی خۆیان‌دا ئەمجارەیان لە گوندی یوونسلیان لە کاتژمێر ١٢ شەو بۆ ماوەی چەند سەعات لە بڵیندگۆی مزگەوتی ئەم ئاواییە سروودی نیشتمانی‌و شۆڕشگێڕییان بڵاو کردەوە کە لەلایەن خەڵکی ئەم ئاواییەوەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە مۆڵگەیەکی ڕێژیم نزیک بە ١٠٠ میتر لە مزگەوتی ئەم ئاواییە دوورەو بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کاتی چالاکییەکەدا لە ترسی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات نەیانوێرا سەر وەدەر نێن‌و هیچ جموجۆڵیان نەبوو.

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری نەغەدە کە سەبارەت بەو ڕووداوە بە تەواوی هەست بە داماوی‌و تووڕەیی دەکا، بۆ بەیانییەکەی ماموستای ئایینی‌ی ئەم مزگەوتە لەگەڵ چەند کەسی دیکەی نێو ئاواییان دەسبەسەر کردوەو لێکۆڵینەوەیان لێکردوون.

ئەو چالاکییە تەبلیغییەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە حاڵێک دایە کە شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٢٩ ی خاکەلێوەش کاتژمێر ١ی بەرەبەیانیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لە شارەدێی سەرچنار (کەڵبەڕەزاخان) چوونە مزگەوتی ئەم ئاواییەو لە ڕێگەی بڵیندگۆی مزگەوتەوە سروودی حیزبی‌و شۆڕشگێرییان بڵاو کردۆتەوە. بڵاوکردنەوەی سروود لە بڵیندگۆی مزگەوتەوە تا کاتژمێر ٤ی بەیانی خایاند.

## دوازدەهەمین کۆنفرانسی کومیتەی گشتیی حدک لە فینلاند بەڕێوەچوو



دوازدەهەمین کۆنفرانسی کومیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنفرانسە ڕۆژی شەممە، ٨ ی بانەمەڕ بە مەبەستی پێداچوونەوە بە تێکۆشانی حیزبی لەو وڵاتە لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرانس‌و هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی گشتی نوێ، بە بەشداری نوێنەری کومیسیۆنەکانی تەشکیلات‌و چاودێری بەرنامەو ئەساسنامەو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، بەشێک لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان‌و کۆمەڵێک چالاکی سیاسی لە شاری تورکو بەڕێوەچوو.

کۆنفرانس بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و پاراستنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کردو بە وتارێکی کورتی کاک مەلا غەریب ڕەحیمی، وەک ئەندامی دێرینی حیزب دەستی بەکارەکانی کرد.

لە برگەی یەکەمی دەسپێکی کاری کۆنفڕانس‌دا ڕاپۆرتێکی سیاسی لەلایەن کاک کەریم ڕەسولی، بەرپرسی کۆمیتەی گشتی حیزب لە فینلاند خوێندرایەوە. لە ماوەی نێوان دوو کۆنفرانس‌دا، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند دوو هاوڕێی تێکۆشەرو دوو ئەندامی دڵسۆزی حیزبی لە دەست دا. هاوڕێیان کاک عومەری حەمیدی‌و کاک خالید ئیبراهیمی، هەر بۆیەش کۆنفرانس بە ناوی ئەو دوو هاوڕێ نەمرەوە ناو نرا. کۆنفرانس هەروەها بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تێکۆشان‌و ماندوبوونیان، چەند تێکۆشەرو هەڵسووڕی کورد لە وڵاتی فینلاندی وەک میوان بانگهێشت کردبوو کە لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانس‌دا هەر یەک لە میوانەکان پەیام و ئاخاوتنی خۆیان پێشکەش کرد.

برگەی یەکەمی کاری کۆنفرانس بە چەند گۆرانێکی شۆڕشگێری لە لایەن هونەرمەند فەرهاد ئالانی کۆتایی پێ هات. برگەی دووهەمی کاری کۆنفرانسیش بە خویندنەوەی پوختەیەک لە کارو چالاکیی ئەو ماوەیەی کۆمیتە دەستی پێ کرد. دواتر کاک حەمەرەسول کەریمی، ئەندامی ڕێبەری حیزب باسێکی تێرو تەسەلی پێوەندیدار بە ڕاسپاردەو پەسندکراوەکانی کۆنگری شانزدە پێشکەش کرد.

دوابەدوای ئەو باسانە نۆبە گەیشتە ئەندمانی حیزب بۆ دەربرینی سەرنج‌و تێبینی‌و ڕەخنە و پێشنیارەکانیان کە لەو بەشەدا ئەندامان زۆر چالاکانە بەشداریان تێدا کرد. دوا برگەی کاری کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێ بۆ کۆمیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند.

لەو بەشەش‌دا سەرەتا هاوڕێ دوکتور کوێستان گادانی باسێکی کورتی لە پێوەندی چۆنیەتی هەڵبژاردن و مافەکانی ئەندام لە ناو تەشکیلاتدا بە ئاگاداری بەشداران گەیاند و پاشان لە پرۆسەیەکی دێموکراتیکدا دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی گشتی فینلاند هەڵبژێردرا.

## بەشداریی کۆمیتەکانی سویس‌و ئۆتریشی حدک لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا



ئەندامی حیزب لە کۆمیتەکانی سویس‌و ئۆتریش بەشدارییان لەو خۆپیشاندان‌و ئاکسیۆنانەدا کرد کە لەو وڵاتانە بەبۆنەی یەکی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە وەڕێ‌خرابوون.

لە خۆپیشاندانەکەی شاری زوریخدا لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێک لە ئەندامانی حیزب بەشداریی ئەم خۆپیشاندانەیان کردو بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان‌و ئارمی حیزبی دێموکرات‌و کۆمەڵێک دروشم‌و پلاکارد دەنگی مافخوازی کوردو کرێکاری کوردیان خستە پاڵ داوای خۆپیشاندەران.

لەو دروشم‌و پلاکاردانەدا باس لە زوڵم‌و زۆرییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران بەتایبەتی کریکاران کرابوو، هەروەها خۆپیشاندەران بێزاریی خۆیان دژ بەو زوڵم‌و زۆرییانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کرێکاران لە کوردستان‌و ئێران دیکا دەربڕیبوو. هەروەها ڕاپۆرتێکی کورت لەسەر بارودۆخی کرێکاری کوردو کۆڵبەرانی سەرسنووری کوردستان کە لە سەدان نووسخەدا چاپ کرابوون، لە نێو بەشداران‌دا بڵاوکرانەوە.

لە وڵاتی ئۆتریشیش لە شاری ڤییەن لەو خۆپیشاندانەدا کە لەلایەن حیزبە چەپ‌و سوسیالیستەکانی ئەو وڵاتەوە وەڕێ‌خرابوو، کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک نەریتی ساڵانی پێشوو بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئۆتریشی حیزبی دیموکڕات لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامانی حیزب بە جلوبەرگی کوردی‌و ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تێکەڵ بە ئەو ڕێپێوانە بەرینە بوون‌و پشتیوانیی خۆیان لە کرێکارانی کورد لە ئێران دەربڕی.

## سەردانی نوێنەری حدک لە هەولێر لە مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان



لە کۆبوونەوەی نێوان نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هولێرو شاندێکی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان‌دا ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژەڤی ناوچە باسیان لێ‌کرا.

سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ١ی بانەمەر ( ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٦ ) ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان لە شاری هەولێری کردو لە لایەن شاندێکی بزووتنەوە بە سەرپەرستی مام خدر، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازیی لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک پرس‌و بابەتی پێوەندیدار بە دۆخی سیاسیی کوردستان، عێراق، ئێران‌و ناوچەکە بە گشتی قسەو باسیان لە سەر کران‌و هەر دوو لا ڕوانگەو بۆچوونی سیاسیی خۆیان سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕو پێشهاتەکانی ناوچەو بە تایبەت پرسی کوردو چەندوچۆنیی پێوەندی نێوان حیزبەکانی پارچەکان بە گشتی‌و، هەروەها حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی هەر کام لە پارچەکانیان بە تایبەتی، خستە ڕوو.

لەو پێوەندییەدا دوو لایەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان هاوکاری، هەماهەنگی‌و یەکریزیی حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانیان لە سەر پرسە نەتەوەیی‌و ستراتیژییەکان لە پێناو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەو بە تایبەت قۆستنەوەی دەرفەت‌و سێناریۆپێشبینی نەکراوەکان، بە پێویست زانی.

دوولایەن هەروەها لەسەر ئەو باوەرە بوون کە کۆدەنگی‌و یەک هەڵوێستی هێزەکانی کورد وەک فاکتەریکی کاریگەر لە هاوکێشەکانی ناوچەیی‌و جیهانی بە نیسبەت پرسی کورد، قورسایی و جێگەو پێگەیەکی لەبارتر بە کورد دەبەخشێ.

## لە تێکهەڵچوونێکدا لە ڕەبەت ٤ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژرانو بریندار بوون

لە تێکهەڵچوونێکدا لە نێوان دەستەیەک لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە ناوچەی ڕەبەتو ژمارەیەک بەرهەڵستکاری ڕێژیم، سێ کەس لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژرانو کەسێکی دیکەشیان بریندار بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی بانەمەڕ ماشێنێکی سپای پاسداران کە ٧ کەسی تێدابووە لە نیزیک گوندی مێونەی ناوچەی ڕەبەت کەوتۆتە بەر هێرشی پۆلێک چەکداری بەرهەڵستکاری ڕێژیم.

لەو تێکهەڵچوونەدا دوو جاشی ناوچەی سەردەشت بەناوەکانی محەممەد ئەبووبەکری، خەڵکی گوندی باوێو، ڕەحمان ئیبراهیمی، خەڵکی گوندی مەلا شێخ لەگەڵ پاسدارێکی خەڵکی ئەردەوێل بە ناوی موجتەبا کوژراونو پاسدارێکی دیکەش بە توندی بریندار بووە.

دوای ئەو تێکهەڵچوونە هێزێکی زۆری ڕێژیم ڕژاونەتە ناوچەکەو بە ئاگربارانی شوێنە جێی گومانەکان ویستوویانە بەرهەڵستی ئەو هێزە ببنەوە کە زەبری لێداون.

شایانی باسە کە تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسایەتیی ئەو تێکهەڵچوونەی وەئەستۆ نەگرتوە.

## ئامریکا داوای ئازادکرانی کەبوودوەندی کرد



وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە محەممەدسەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس، چالاکی مافی مرۆڤو زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندان ئازاد بکا.

جۆن کێربی، ڕۆژی ٩ی بانەمەڕ لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە ناوی محەممەدسەدیق کەبوودوەند کردو گوتی ماوەی کەبوودوەند ٩ ساڵە لە زیندان دایەو کاتی ئەوە هاتووە کە لە زیندان ئازاد بکرێو کەمکردنەوەی زیندانییەکەی بیگرێتەوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان" و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی داخراوی "پەیامی مەردوم" بوو. ناوبراو لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ٨٦وە لە زیندان دایەو لەم ماوەیەدا نزیک بە ٦ مانگ لە زیندانی ئینفرادیی بەندی ٢٠٩ ئێڤیندا بووە.

دادگای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ناوبراوی بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی پێکهێنانو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی داکۆکی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانو چالاکییەکانی حوکمی ١٠ ساڵ زیندانو هەروەها بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام حوکمی یەک ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپاند.

کەبوودوەند ئەو کاتەی کە لە زینداندا بوو واتە لە ساڵی ٨٨ خەڵاتی ساڵی ڕاگەیاندنی بریتانیای پێ بەخشرا. لە بەیاننامەی ئەم خەڵاتەدا هاتبوو کە ناوبراو بە هۆی چالاکبوونی لە بواری ڕۆژنامەنووسیو داکۆکی لە مافی مرۆڤ، ڕۆڵی گرینگی لە دامەزراندنی تۆڕی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ لاوانو چالاکانی کورددا بووە.

کاردانەوەی نوێی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە بارودۆخی کەبوودوەند لە حاڵێک دایە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند گرووپێکی جیاجیای وەک مامۆستایانی زانکۆ و چالاکانی سیاسیو مەدەنی بە ناردنی نامە بۆ حەسەن ڕۆحانی، سەرکۆماری ئێرانو بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای ئازادکرانی ناوبراو و چارەسەریی بەندکراوانی سیاسیی دیکەیان لە ئێران کردوە.

## کۆمەڵێک چالاکیی ژینگەپارێزی لە کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زەوی



لە کۆمەڵێک شوێنو ناوچەی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زەوی چالاکیی ژینگەپارێزی کرا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد گرووپی شاخەوانی سامڕەندی نەغەدە لە گەڵووی سەرشاخان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زەویی پاک چالاکیی پاکو خاوێنیی سروشتیان کردوە.

لە خەلیفانی مەهابادیش بە دەستپێشخەریی ئەنجومەنی ژیانەوەی سروشتو هەیئەتە وەرزشییەکانی ئەو شارەدێیە چالاکیی ژینگەپارێزی کراوە. لە بانە لە داوێنی سوورکێو و لە نەغەدەش لە داوێنی کێوی سوڵتان یاقووب هەڵمەتی پاکو خاوێنیی سروشتو نەمان چاندن بەڕێوە چووە.

ئەنجوومەنی ژینگەپارێزانی سەقزیش بە دروشمی "زەوی لانکەی ژیانە، پێکەوە خاوێن ڕایبگرین"؛ چالاکییەکی ژینگەپارێزییان لە پارکی مەولەوەی کورد بەڕێوە برد.

## بەڕێوەچوونی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە سنە



کۆمەڵێک لە کرێکارانو بەرگریکارانی مافەکانی کرێکار لە سنە بێ گوێدانە هەڕەشەی ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک ڕێزیان لە ڕۆژی جیهانیی کرێکار گرت.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی هەینیی ٣ی بانەمەڕ لە یەکێک لە ناوچەکانی ئەم شارەدا بەڕێوەچوو، پاش کۆمەڵێک قسەو باسو وتارو پێشکێشکردنی چەندین کۆپلە شێعر، بڕیارنامەیەک لە لایەن ژنانی بەشداربووی ئەم ڕێوڕەسمە خوێندرایەوە.

لە بەندەکانی ئەم بڕیارنامەیەدا پێداگری لەسەر پێویستیی زیادکرانی هەقدەستی کرێکاران بەپێی ستانداردەکانی ژیانی ئەم سەردەمە کرابوو، هەروەها پێداگری لە سەر ڕەوابوونی کۆمەڵێک مافو داوا کرابوو، بۆ نموونە: هەبوونی مافی ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو، مافی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دەربڕین، مافی ئازادیی ڕادەربڕین، زیادبوونی مووچەو هەقدەستەکان بەپێی ستانداردەکانی ژیانی سەردەم، پێدانی مووچەی دواکەوتووی کرێکاران، تێکرانی حەقی بیمە، هەڵوەشانەوەی گرێبەستە کاتییەکان، یەکسان بوونی مافی ژنو پیاو لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسیو ئازادکرانی سەرجەم کرێکاران و چالاکانیی کرێکاریی بەندکراو.

شایانی باسە ئەم ڕێوڕەسمە لە حاڵێکدا بەڕێوەچوو کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە سەرەتای مانگی بانەمەڕەوە، بە بانگکردنی کۆمەڵێک لە چالاکانی کرێکاریو هەڕەشە کردن لەوان، هەوڵیان داوە ڕێگری لە خۆپیشاندانی کرێکاران لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا بکەن.

## ناڕەزایەتی کرێکاران لە پاوە، ئیلام، بەدرەو ئابدانان

لە شارەکانی پاوە، ئیلامو ئابدانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک مانگرتنو ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکاران بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد کۆمەڵێک لە کرێکارانی گرێبەستیی شیرکەتی بڕقی ئیلام ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی بانەمەڕ لە بەردەم ئەو ئیدارەیە لە بڵواری مودەڕیس کۆبوونەوە.

ناڕەزایەتیی ئەوان بەهۆی دواکەوتنی مووچەو حەقدەستەکانیان بووە.

لە شاری ئابدانانیش کۆمەڵێک لە کرێکارەکە دەرکراوەکانی شیرکەتی "پگاه" بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە دەرکرانیان کۆبوونەوە. ئەو کرێکارانە لە کۆبوونەوکەیاندا کە لەبەردەم ئەو شیرکەتە لە شارۆچکەی سەنعەتیی ئابدانان بەڕێوەچوو، داوایان کرد بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

لە شاری "بەدرە"ش کرێکارانی شیرکەتی بەرهەمهێنانی لوولەی دەربەند بەهۆی پێنەدانی مووچەی ٤ مانگی ڕابردوویان کۆبوونەوە. ئەوان دەڵێن بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان بۆ ماوەی چەند مانگ بەرەوڕووی کێشەی ژیانو بژێوی بنەماڵەکانیان بوونەتەوەو داوای پێدانی مووچەکانیان کرد.

کارمەندە گرێبەستییەکانی ئیدارەی ئەوقافی شاری پاوەش کە ماوەی سێ مانگە مووچەیان نەدراوەتێ، ناڕەزایەتییان دەربڕی.

لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینی ئەواندا کە لە شەقامی ئیمام شافعیو بەرەوڕووی مزگەوتی جامعیە بەڕێوەچوو، داوا کرا لە زووترین کاتدا وەڵامێ داخوازەکانیان بدرێتەوە.

هەر لە شاری پاوە کرێکارەکانی بەشی بیناسازیی شارەداریی ئەو شارەش لە بەر دەرکی ئیدارەی کار کۆبوونەوە.

ئەوان دەڵێن زیاتر لە دوو ساڵە حەقی بیمەکانیان تێنەکراوەو هەروەها مووچەی مانگانەیان زۆر کەمەو داوای تێکردنی حەقی بیمەو زیادکردنی حەقدەستەکانیان کردوە.

## هونەرمەندێک لە مەریوان پەیکەرەی مامۆستا قانعی ناشت

هونەرمەندێکی پەیکەرەسازی خەڵکی شاری پاوە بەهۆی خۆبواردنی بەرپرسانی شاری بانە لە دابینکردنی شوێنێکی شیاو بۆ دانانی پەیکەرەی مامۆستا قانع، پەیکەرەی مامۆستا قانعی لەگەڵ نەمامێک لە خاکی ئەو شارەدا ناشت.



بەشیر ناسری لەو پێوەندییەدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە دوو ساڵ زیادە پەیکەرەی «مامۆستا قانع»م دروست کردوەو دەمەویست لەسەر حیسابی خۆم وەک دیارییەک پێشکێش بە هاونیشتمانەکانی خۆم لە شاری مەریوانی بکەم، بەڵام کاربەدەستانی ئەو شارە شوێنێکی شیاوی دانانی ئەو پەیکەرەیان دەستنیشان نەکرد.

ئەو دەڵێ شاری مەریوان سەرەڕای هەبوونی زۆر هونەرمەندی بەتواناو دەستو پەنجەڕەنگین بەڵام هیچ جوانکارییەک لە شارەکەدا نەکراوەو بوونی زۆر پەیکەرەی نەشیاو و هەروەها شێوەکاریی لاوازو ناشیرین بە ڕوخساری دیوارەکان دیمەنی زۆر ناشیرینی بەو شارە بەخشیوە، کە دیارە ئەوە بۆ پشتگوێخرانی هونەرمەندانی ئەو شارەو پرسو ڕاوێژ پێنەکردنیان دەگەڕێتەوە.

هونەرمەند بەشیر ناسری لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ شوێنێکی شیاوی مامۆستا قانعم لە مەریواندا نەدۆزییەوە، بەرپرسانی شاریش هاوکارییان بەکردم کە لە شوێنێکی تایبەتدا پەیکەرەکە دابنێین، هەر بۆیە ناچار بووم پەیکەرەکە لەگەڵ نەمانێک بە خاکی مەریوانو خەڵکەکەی پێشکێش بکەمو بیانێژم.

بەشیر ناسری لە دایکبووی شاری پاوەیەو خوێندنی هونەری لە زانکۆی تاران تەواو کردوە. ئەو لە مێژساڵە بە هونەری پەیکەرەسازیو شێوەکارییەوە سەرقاڵەو بەشێک لە کارەکانی بریتین لە: پەیکەرەی مەلەویی کورد لە مەیدانی مەولەویی پاوە، پەیکەرەی میزا عەبدولقادر پاوەیی لە شاری پاوە، پەیکەرەی خۆڕاگریی ژنانی کۆبانی، پەیکەرەی خاڵۆ حەسێنی کێوکەن، پەیکەرەی هونەرمەندانو مامۆستایانی کورد مەزهەر خالقی، هەژار، پیرەمێرد، شەهرام نازریو میرزا شەفیع پاوەیی.

## سەدی ٦٠ خانەنشینکراوانی کرماشان کەمترین مووچەیان دەدرێتێ



دەبیری ئیجرایی ماڵی کرێکاری کرماشان دەڵێ سەدی ٦٠ خانەنشینکراوانی کرماشان کەمترین مووچەیان دەدرێتێ.

جەواد ئەکبەری دەڵێ لە ئێستا ٢٥٠ هەزار کەس لە پارێزگای کرماشان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە، لەوەندە کەسە ١٤٥ هەزارو ٨٠٠ کەسیان کرێکارنو بیمەی زۆرەملێیان هەیە.

دەبیری ئیجرایی ماڵی کرێکاری کرماشان دەڵێ نایشارێتەوە کە ئاماری ڕاستو دروستی کرێکاران لە کرماشان زۆر لەوە زیاترە، چونکی زۆر کەس کرێکاری دەکەنو هیچ بیمەیەکیشیان نییە.

ئەکبەری لە قسەکانیدا کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەیکرد، ئاماژەیەکی بە بارودۆخی کرێکارانی خانەنشینکراو کردو گوتی ژمارەی ئەو کەسانە لە کرماشان ٢٠ هەزار کەسو لە ئاستی پارێزگادا ٣٠ هەزار کەسە.

ئەو گوتی لە نێو ئەو ٣٠ هەزار کەس کرێکاری خانەنشینکراوەی پارێزگادا سەدی ٦٠ ی ئەوان کەمترین مووچەیان دەدرێتێو لە نێو ئەواندا هەیە کە کەمتر لە لانیکەمی مووچەش وەردەگرن.

ئەکبەری لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە کێشەی کۆمەڵگای کرێکاری کردو گوتی کرێکاران لاوازترین توێژی کۆمەڵگان، ئەوان لەگەڵ ئەوەی قەت ئەمنیەتی شوغڵییان نییە، ئەو مووچەو حەقدەستەش کە وەری دەگرن زۆر کەمەو بەشی لانیکەمی بژیوی ژیانیان ناکا.

## کوژران و بریندارببوونی لانیکەم ٤٠٧ کەس بە هۆی تەقینەوەی مین لە گیلانی ڕۆژاوا



فەرمانداری گیلانی ڕۆژاوا گوتی پاش تەوابوونی شەڕ، لە ساڵی ٦٧ ڕا تا ئێستا لەم ناوچە سنوورییە ٩٣ کەس بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراونو ٣١٤ کەسی دیکە بریندارببوون.

کەرەم محەممەدی لە وتووێژێکدا گوتی پاش شەڕی ٨ساڵە، خاڵی سیفری سنووری گیلانی ڕۆژاوا جگە لە بازاڕچەی سنووریی سومار و دەورووبەری ئەم بازاڕچەیە تا ئێستاش بە مین چێندراونو تەقەمەنی بەجێمای ئەم شەڕەی لێ ماوەتەوەو هەڵمەتی هەڵگرتنەوەی مینو خاوینکردنەوەی ئەم ناوچەیە هێشتا تەواو نەبووە.

محەممەدی هەروەها گوتی پاش تەواوبوونی شەڕ لە ساڵی ٦٧ بۆ ٩٣ بە هۆی تەقینەوەی مین ٣١٤ کوژراو بریندار بوون. هەروەها لە کاتی شەڕیشدا بە هۆی تەقینەوەی مینو تەقەمەنیی بەجێماو ٢٤ کەس کوژرانو ١٥٧ کەسی دیکەش بریندار بوون.

یادکردنەوە

# با ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە ڕۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

یازدەی بانەمەڕی هەر ساڵێک بۆ کورد بە گشتی بیرخەرەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە، کە بە بیرو هزری ڕێبەریکردنی جووڵانەوەیەک، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێناوە کە دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ و ڕوودانی گەلێک ڕووداوو، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا و تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتداریی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، ئێستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە ڕوخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و... دا خۆی دەردەخا.

باسکردن و لێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوار و سەختە و لە سەر کەسانی زانستگایی و ئاکادێمیستە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکەنە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی خۆیان، بۆ ئەوەی نەسلی ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد باشتر پێشەوا بناسن و لەگەڵ بیر و ئەندیشەکانی زیاتر ئاشنا بن. د. قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا لەسەر کەسایەتیی پێشەوا دەنووسی: «شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو... پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانەتی و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو.»

ئەو بابەت و نووسراوانە کە تا ئێستا لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی پێشەوا لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و پێکهێنانی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردەواریدا چاپ وبڵاو بوونەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کەسایەتیی پێشەوا و ڕۆل و نەقشی ئەو لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتیدا پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و باسلەسەرکردنی زیاتر هەیە.

قازی محەممەد بە هۆی وەزعیەتی بنەماڵەیی زۆر زوو توانی تواناکانی خۆی لە بەڕێوەبردن و ڕێبەریکردن لە کۆمەڵگادا دەربخا و متمانەی خەڵک بە دەست بێنێ. قازی محەممەد بە دوای فەوتی بابیدا بوو بە قازیی شار، وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتییە لەو سەردەمەدا کە بە دەیان کەسایەتیی ئایینی و عەشیرەتی کە هەم لە بواری تەمەنەوە و هەم لە بواری هێز و دەسەڵاتەوە لە قازی محەممەد گەورەتر و بەهێزتر بوون، نیشانەی ئەوەیە بەهۆی تواناکانی لە فێربوونی زانستی سەردەمی خۆیدا توانیبووی سەرو گەردنێک لە سەرتر بێ، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵک و، ئەوە ببوو بە هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەوەی بتوانێ متمانەی خەڵکی شاری مەهاباد و دەوروبەری بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

هەرچەند پێگەی ماددی و مەعنەویی بنەماڵەی قازی محەممەد شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر پێگەیشتن و وەرگرتنی نەقش و ڕۆڵی ئیدارەکردنی شاری مەهاباد و دەوروبەری هەبوو، بەڵام پێشەوا چ ئەو کات کە قازیی شار یان بەرێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو و چ ئەو کات کە وەک سەرۆکی کۆماری کوردستان ئەرک و بەرپرسایەتیی لەسەر شان بوو هەمووکات هەوڵی داوە خوڵقێنەری شتی نوێ بێ لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای کوردەواریدا و یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خەڵک لە باری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریەوە و ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە قازی محەممەد هەر لە منداڵییەوە تایبەتمەندیی ڕێبەر و ڕێنیشاندەری هەبووە و پێ بە پێی زەمان ئەو کەسایەتییە گەشەی کردوە، هەتا گەیشتۆتە لوتکەی پێشەوایی و ڕێبەریکردنی حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنی و گەلێک دەستکەوتی گرینگی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ خەلکی کوردستان دەستەبەر بکا.

کەسایەتیی پێشەوا وەک ڕێبەر و کاریزمایەک ئەو کات بە تەواوی دەردەکەوێ کە کار و تێکۆشانی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی شاری مەهاباددا قەتیس ناکا و ڕوو لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەکا و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. کاف و لە ماوەیەکی کەمدا بە تێگەیشتن لە هەل و مەرجی ناوچەکە و خوێندنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان، کۆمەڵەی ژ. کاف لە حاڵەتی ڕێکخراوەیەکی داخراو و نهێنی دێنێتە دەرێ و دەیکا بە حیزبێکی کراوە و ئاشکرا کە بتوانێ هەموو ئازادیخوازانی کورد لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ئەو حیزبە کە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر دانرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە ژێر ڕێبەری و ڕێنوێنیی قازی محەممەددا توانی هەلومەرجی ناوچەکە بقۆزێتەوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە حیزبێکی چالاک و سەردەمیانە و بچێتە ڕیزی حیزبە بە هێز وگەورەکانی ئێران کە کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگای ئەوکات هەبوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشەوا، ئەو ڕێبەرە بووە کە هەلومەرجی سەردەمی خۆی بە باشی ناسیوە و دەرکی کردوە و کەڵکی لێوەرگرتوە.

کار و کردەوەکانی قازی محەممەد بە ڕادەیەک جێگای سەرنج و متمانەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان بوون کە بوونە هۆی ئەوەی لە لایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نازناوی پێشەوای پێ بدرێ و لە لایەن کومەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پەسەند بکرێ و هەتا ئێستاش نازناوی پێشەوا هەر بۆ قازی محەممەد ماوەتەوە و لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕێبەر و سەرکردەیەکی کورد بەو نازناوە ناوبانگی دەرنەکردوە و ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە پێشەوا لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی جێگای ڕێز و حورمەتە.

ڕێز و حورمەتی پێشەوا هەر لە نێو گەلی کورددا نەبووە، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێرانیش لە لوتکەی بەرزی دەسەڵاتدا بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە ڕوانیویانەتە کەسایەتیی پێشەوا و ئەوە لە ڕۆژنامەکان و ئەسنادی ئەو سەردەم دا بە ڕوونی دیارە. کاتێک پێشەوا لەسەر بانگهێشتنی «قوام‌السلطنه» (٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦) دەچێتە تاران ڕۆژنامەی «ایران ما» سەبارەت بە پیشەوا ئاوا دەنووسێ: «ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێیکەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێموکراسی لە تەواوی ئێراندایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێدایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێ لە لایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازیی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی «قەوام» لەو سەفەرە مێژووییە کەڵک وەرگرێ.»

نموونەیەکی دیکە لە داننان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی «کوهستان» لە سەرماوەزی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ. لە ژمارەی ٧٢ی ئەو حەوتوونامەیەدا نێوەرۆکی «تلگراف»ێک بڵاو کراوەتەوە کە ئیمزای «قوام السلطنه» سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێرانی لەسەرەو لە نێوەرۆکی ئەو پەیامەدا بۆمان دەردەکەوێ پێشەوا لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتیدا چۆن توانیویەتی بە لایەنەکان بسەلمێنێ کە بێ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کورد هێچ پرۆژەیەک لە ناوچەکەدا ناتوانێ بچێتە پێش و سەرکەوتوو نابێ. دەقی تلگرافەکە:

***ئاغای قازی محەممەد:***

***بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ، بەڕێوە بچێ و پێویستە هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاری دۆستانەو ڕەزامەندی تەواوی ئێوە بەڕێوە بچێ، هەر بۆیە لە «خۆی، شاپوور . ڕەزائیە . مەهاباد» کە ناوچەی کوردنشینن، پێویستە دیاری بکرێ چۆن ئێوە لەگەڵ هێزی ئەمنی هاوکاری دەکەن کە لەو پێوەندییەدا فەرمانی دیار و ڕوون دەربچێ. بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگرییەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێکردوە لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە ، ڕەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان بە کردەوە نیشان بدەی.»***



پێشەوا تەنیا لە نێو خەڵکی کوردستان و ئێراندا جێگای ڕێز و حورمەت نەبووە بەڵکوو بێگانەکانیش بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە ڕوانیویانەتە پێشەوا قازی محەممەد. لەو سەردەمەدا هیچ بێگانەیەک شک نابەی کە ڕووی لە مەهاباد کردبێ و هەوڵی نەدابێ پێشەوا لە نزیکەوە ببینێ و بە تیگەیشتوویی و پێگەیشتوویی پێشەوا لە هەلسوکەوت و شارەزایی بەسەر زمان و فەرهنگی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوکاتدا و دیفاعکردن لە مافی بڕیاردانی کورد لە سەر چارەنووسی خۆی، سەرسام نەبووبێ.

پێشەوا ٧٠ سال پێش ئیستا دەرکی بەو ڕاستییە کردبوو کە دەبێ کورد یەکگرتوو بێ بۆ ئەوەی بتوانێ کیانی خۆی هەبێ و ئەوەشی بە کردەوە سەلماند. کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی کەم بوو بەڵام پێکهاتەکەی بە جۆرێک ڕێبەری دەکرد کە کوردی هەر پارچەیەک لە کوردستان دەیتوانی خۆی تێدا ببینێتەوە و لە تواناکانی خۆی بۆ بەرەو پێشبردنی کۆماری کوردستان کەڵک وەربگرێ.

لە کۆتاییدا هیوادارم ڕێزگرتن لە پێشەوا و یادی لەدایکبوونی بکەینە دەرفەتێک بۆ باشترناسینی بیر و هزری ڕێبەرێک کە تەمەنی کەم بوو، بەڵام پڕ بوو لە دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخ کە پێویست دەکا ڕێبەرانی دوای خۆی لێی فێر بن. با یادی ١١٦ ساڵەی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەوەی لاوان و نەسلی نوێی نەتەوەکەمان لەگەڵ بیر و ئەندیشە و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی پێشەوا ئاشنا بن و دەرسی لێ وەربگرن.

---

سیاسی

# دیپلۆماسیی کورد لە چ ئاستێکدایە



ناسر قادرپوور

دیپلۆماسیی کوردو کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و لوتکەی بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان بە شێوەیەکی ژیرانە، دەمانگەیەنێتە ئاستێک کە بۆ خۆمان بتوانین داهاتووی خۆمان دیاری بکەین.

ئەو حیزبانە کە خولیای سەرکەوتنی نەتەوەکەیانن، لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان چۆن ڕەفتارو سیاسەت دەکەنو، لە دنیای دەرەوەدا لە چ ئاستێک و لە چ بازنەیەکی بەرژەوەندیدا دیپلۆماسی دەکەن، هەمووی ئەوانە لە چوارچێوەی کاری دیپلۆماسیی کورددا خۆیان دەبینێتەوە. لە هونەرو تاکتیکی کاری دیپلۆماسیدا ئەگەر لە چاوی دەوڵەت ـ نەتەوەوە چاوی لێبکەین، دەبینین کە تا ئاستێک خەریکە جێگای خۆمان بکەینەوە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانەکان لە جیهانی دیپلۆماسیدا کە خۆی لە گۆڕان لە ئاستی جیهانیدا دەبینێتەوە، دیارە دەتوانین بڵێین لە سایەی خۆڕاگریی پێشمەرگەوە کورسییەک لە سیاسەتداو لە دنیای دەرەوەدا بۆ کورد دیاری کراوە.

بەڵام لە بەشە جیاوازەکاندا هەر بەشێکی کوردستان بە جیا لە هەوڵی ناساندنی خۆی و دۆزی کوردیدا بووین. هۆیەکەشی ئەوەیە لەم پرسە پرسێکی ئاڵۆزەو ئێمەش یەکگرتوو نیین. بۆیە لەم ساتە مێژوییەدا کە هەموو بەشەکانی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر چالاکن و لە هەوڵی بە دیفاکتۆکردنی بەشەکەی خۆیاندان، پێویستە سیما چالاکەکانی دیپلۆماسی لە دنیای دەرەوەشدا زۆر بەباشی دەرکی ئەو بارودۆخە بکەن. هەر بۆیە پێدەچێ ئێستا کاتی ئەوە هاتبێ کە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە؛ ئاخۆ دەبێ لە سەر دیپلۆماسیی کورد بەگشتی چۆن خوێندنەوە بکەین کە ببینە بەشێک لە هێزی ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی لێ دەژیین ؟

**«ڕۆژهەڵات»**

لە سەر ئەساسی ئەم پرسیارە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئاستی دنیای دەرەوەدا خەریکە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەکاتە دیفاکتۆ و پرسی ڕۆژ. لێرە دا دەتوانین ئیشارە بە دیپلۆماتکارە ئامریکاییەکان بکەین کە چەندین جار بۆ پرسی کورد لە ئێراندا سەردانی ئەو حیزبەیان کردوەو لە ئاستی بەرزدا، فەرانسەوییەکان و ئینگلیسییەکانیش بە هەمان شێوە. دەوڵەتانی نۆرویژ و سۆئید و ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیستیش بە گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە خاوەن نفوزو ئەدرەسی کورد لە ئێراندا دەزانن. لە ئاستی نێوخۆییشدا پرسی ڕۆژهەڵات تەوەری، چالاکی مەدەنی، پرسی ریفراندۆم و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات و حزوری پێشمەرگە لە نێو شارو گوندەکاندا روحێکی تازەیان بە کۆمەڵانی خەڵکی بەخشیوە، هەر بۆیە ئەرک و ڕەفتاری دیپلۆماسی و ستراتیژی ئەو حیزبە ئەوەندەی بتوانێ و لە دەستی بێت، دەبێ ببێتە سەکۆیەک بۆ گەیاندن و خوێندنەوەی ڕەفتار و سیاسەتە دەرەکییەکانی کورد لە پانتایی سیاسەتی ئەمرۆی جیهان لە پەیوەندی لەگەڵ کورددا. لەم ڕەهەندەوەیە کە دەتوانین سەرکەوتووبین.

سیاسی

# ئەزموونی جێگای تێڕامانی کوردەکانی ورمێ و دەوروبەر لە ململانێی هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا



قادر وریا

کوردەکان لە ورمێو دەورو بەر، ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتووانی ئەم دەڤەرە پێک دێنن‌و دەکرێ بڵێین ئەگەر لە ڕووی ژمارەوە شان لە شانی تورکەکان نەدەن شتێکی وا کەمتر نین. لە هەر حاڵدا ئەگەر نەتەوەی یەکەمیش نەبن خۆ نەتەوەی دووهەم هەن، ئەویش بە جیاوازییەکی کەم لە ژمارەی دانیشتووان دا. هەر دەسەڵاتو سیستەمێکی سیاسیی بەرپرسو خوازیاری تەبایی، لە شارو ناوچەیەکی لەم چەشنەدا هەوڵ دەدا هەموو پێکهاتەکان بە تایبەتی پێکهاتە سەرەکییەکان بە سەرنجدان بە هەستیاریی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و هتد، لە چوون بۆ پارلمان بێبەش نەبن، لە بەڕێوەبەرێتی لە ئاستی پارێزگاو شارو ناوچەدا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبێ‌و بەم جۆرە بەر بە پێکهاتنی ناکۆکی‌و کەلێنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بگرن. بەڵام لە ئێران‌و لەم پارێزگایە شتی وا لە گۆڕێ دا نییە.

کوردەکانی ورمێ لە دەوری دووهەمی دەیەمین هەڵبژاردنی پارلمانیی ئێراندا، بە ئاگاداری لەو هەمووە هەڵاواردنە نەتەوەیی‌و ئایینییە کە لەم شارو لەم ناوچەیەو لەم پارێزگایەدا بە پشتیوانیی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە دژی ئەوان هەیە، هاتنەوە نێو ململانێیەکی نابەرامبەر. لایەنێک هەموو جومگەکانی سیاسی‌و ئەمنیەتی‌و ئابووری‌و ئیداریی لە دەست دابووو لە دژی بەرامبەرەکەشیان یەکگرتوو بوون، لایەنەکەی دیکەش ، نە خۆئامادەکردنی پێویستیان هەبوو(چونکە ساڵانێکی زۆر داوایان لێکراوە لە دوورەوەی ئەم جۆرە دەرفەتانە ڕابوەستن‌و تەماشاچی بن)، نە جومگەکانی دەسەڵاتیان لە گەڵدا بوو بگرە دژیشیان بوون! تەنیا بڕوایان بە حەقانیەتی خۆیان هەبووو ڕێگای پارێزگاری لە شوناسی خۆیان‌و مافەکانی خۆیان‌و دەنگهەڵبڕین دژی ستەم‌و هەڵاواردنیان لەوە دا دەدیت کە بێنە نێو مەیدانی ململانێیەکی نابەرامبەر، تا دەنگی خۆیان بگەیەنن، تا بوونی خۆیان بسەلمێنین. تا نیشانی بدەن کە چی دیکە نایانهەوێ لە پەراوێز بخرێن‌و لەو پەڕی کەم ئیمکانی‌و بێدەرەتانیدا دەیانهەوێ ئەم دۆخە بگۆڕن.

لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنیش‌دا، کاندیدا کوردەکانی ورمێ ڕێگای چوون بۆ مەجلیسیان پێ نەدرا. دەکرێ‌و پێویستە هۆو فاکتەرە نێوخۆییەکان(ئەوانەی پێوەندییان بە خودی کوردەکانەوە هەیە) لە لایەن شارەزایان‌و چاوەدێرانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنەو شیکاری. بەڵام گومانی تێدا نیە فاکتەرە دەرەکییەکانیش، ئەوانەی پێوەندییان بە لایەنی بەرامبەرو داموو دەزگاو دامەزراوە حکوومەتییەکانەوە هەیە، لە دژی کورددکان بوون. پڕۆسەی ڕەددی سەلاحییەتەکان‌و جێگیرکردن‌و چاوەدێریی سندووقەکانی دەنگدان‌و بژاردنی دەنگەکان‌و زۆر فاکتەری دیکە، وەها موهەندیسی کرابوون کە کوردەکان نەتوانن سەرکەوتووی ئەو ململانێیە بن. لاوازی‌و کەموکورتییە نێوخۆییەکانی کوردەکانیش، ئەوەندەی دیکە یارمەتیدەری هاتنە دیی ویست‌و نیازی لایەنەکەی دیکەی ئەو ململانییە بوون.



بەو حاڵەش دەیەمین هەڵبرادنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە هەر دوو خولیەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بووژانەوەی هەست‌و بیری نەتەوەیی کوردەکانی ئەم دەڤەرەو وشیاربوونەوەیان بە نیسبەت مافەکانیانەوە. پێوەندی‌و هاوپێوەندیی ئەوان لەم چەند مانگە داو دەست پێکدانیان بۆ بەرگرییان لە شوناس‌و مافەکانی خۆیان، جێگای ڕیزو پێزانین بوو. ئەوان توانیان بوونی خۆیان بسەلمێنن نەک بە ناردنی نوێنەر بۆ پارڵمان، کە ئەمەیان بە داخەوە بەو هۆیانەی باسیان کرا، بۆ نەهاتە دی. بەڵکوو بە نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەیی‌و وشیارانەیان لە بەرگری لە شوناس‌و مافەکانی خۆیان دا. سەرنەکەوتنی کوردەکانی ورمێ‌و دەوروبەر لەم دوو خولەی هەڵبژاردندا، قۆناغی کۆتایی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام کۆتایی هاتنە مەیدانی کوردەکان نییە، بەڵکوو دەسپێکە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر لە دەرفەتەکانی داهاتوو دا. ئەرکی حیزبە سیاسییەکان‌و سیاسیکارانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە خوێندەوەیەکی واقعیانەتر بۆ ڕەفتاری سیاسی‌و نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لەو شارو ناوچانەدا بکەن کە کوردو تورک پێکەوە تێیاندا دەژین.

ئایا ئێمە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ، ڕۆژێک دەگەینە ئەو باوەڕە کە یارمەتیدەری خەڵکی خۆمان لە نیوخۆی ولات لەم جۆرە ململانێیانە دا بین؟! خۆ ئەگەر هاوکارییەکیشمان لە دەست نەیە, لانیکەم پێویستە بەردیان نەخەینە سەر ڕێ.



## عەبدوڵڵا حیجاب:

# چەند ڕەوتێکی تورکە ناسیۆنالیستە توندئاژۆەکان بە پشتیوانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کار لە سەر لە پەراوێزخستنی کورد لە ورمێ دەکەن

**هەڤپەیڤین: «کوردستان»**

لەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیی لە ئێران، کێبرکێبۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی شاری ورمێ تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. لە گەڵ ئەوەیکە کوردەکانی ئەم شارە هەوڵێکی زۆریان دا کە کاندیدە کوردەکان بە دەنگێکی باشەوە هەڵبژێردرێن، بەڵام لە کۆتایی‌دا هەر سێ نوێنەری هەڵبژێردراو لە کاندیدە تورکەکان بوون!!

لە جەریانی هەڵبژاردنەکان دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی لە بانگەوازی چالاکانی کوردی شاری ورمێ و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ هەستیاربوونی شاری ورمێ،پێی باش بوو کە کوردەکانی شاری ورمێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا بکەن و دەنگ بە کاندیدا کوردەکان بدەن. لە بەرانبەریش‌دا هەبوون لە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەلات کە بانگەشەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد.

بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ورمێ و تایبەتمەندیی ئەم شارە لە ڕووی ئیتنیکی‌یەوە «کوردستان» وتوێژێکی لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب، چاودێری سیاسی کردوە.

**بەڕێز کاک عەبدوڵڵا! پێشەکی سپاس بۆ ئەوەی کاتت بۆ تەرخان کردین.**

زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە. لە کار و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەتاندا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و دەستخۆشیتان پێ دەڵێم.

**پرسیار: بۆ دەبێ کورد لە هەڵبژاردن دا بەشداری کردبا؟**

وەڵام: مەسەلەی بەشداری کردن یا بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دا بەڕێوە دەچن پرسێکی سیاسییە کە جاری وایە بە شێوەیەکی چەواشەکارانە لێک دەدرێتەوە و لە جیاتی ئەوەی بەرخوردی سیاسیی لە گەڵ بکرێ، دەبێتەوە هەوێنی قوولکردنەوەی دژایەتیی نێوخۆیی بزووتنەوەی کورد یا چالاکڤانانی سیاسی. کۆماری ئیسلامی بەو دۆسیە ڕەش و دژ بە کوردەی کە لە ساڵانی ژیانی دا تۆمار کردوە، نە جێی متمانەی گەلی کوردە و نە هەڵبژاردنەکانیشی شتێک دەگۆڕن. ئەو ڕوانگەیە بە شێوەی گشتی لە نێو بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا جێی گرتوە و تێڕوانینێکی دروستیشە. بەڵام خاڵێکی گرینگ کە دیارە هەموو لایەنەکان لە سەری یەک هەڵوێست نین، ئەوەیە کە چۆن ڕەوتی هەڵبژاردنەکان تەنانەت لە ژێر سێبەری دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیش دا بکەی بە گۆڕەپانێک بۆ زەق کردنەوەی هەبوون و داخوازییەکانی خۆت. لەو خاڵەی دواییدا، من پێم وایە بزووتنەوەی سیاسیی کورد تا ئێستا هەموو زەرفیەتەکانی کۆمەڵگای بە کار نەهێناوە، تەنانەت هێندێک جار ڕێگریش کراوە کە زەرفییەتەکانی کۆمەڵگا بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی سیاسی بە کار بهێندرێن.

سەرەڕای ئەوە، لە دەرەوەی بازنەی هێزە سیاسییەکان، ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە کە لە ژێر سێبەری دیکتاتۆڕی‌دا دەژی. ئەو کۆمەڵگایە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ژیانی ئاسایی خۆی ناچارە لە گەڵ دام و دەزگاکانی ڕێژیم پێوەندیی هەبێ. لێشمان ڕوونە کە خەڵک دەرفەتی دەربڕینی نارەزایەتی یا نافەرمانیی مەدەنیی نیە. پاش دەیان ساڵ بەربەرەکانی لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، دەشزانین کە ڕێژیم میکانیزمێکی بە هێزی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگاو بەدەستەوە گرتنی هەموو سەرەبەنەکانی ڕەوتە سیاسییەکانی نێوخۆیی دروست کردوە کە ڕێگا نادا لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیداهیچ شتێک لە ئێران ڕوو بدا. ئەوەش ئاشکرایە کە هەڵبژاردن لە ئێران دا ئازاد نیە، بە تایبەت لە کوردستاندا، نەبوونی مۆری بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە پێناسەی خەڵک دا دەتوانێ بۆ زۆر کەس کێشە بخولقێنێ و دەرفەتەکانی کار و ژیانیان بۆ سنووردار بکا. کە وابوو بەشێکی خەڵک چ بە ناچاری بێ و چ لە ترسان ناچارن لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم دا بەشداری بکەن. ئەوە بە مانای مەشرووعییەت دان بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر نیە. بەڵام ئەگەر هێزێکی سیاسیی یا ڕێکخراوێکی کورد بچێ و بۆ خۆی لە ژێر سێبەری ڕێژیم دا بەشداری هەڵبژاردنەکان بێ، دەبێتە هەنگاوێکی هەڵە و واتای مەشرووعیەت دان بە ڕێژیم دەگەیەنێ.

بەشداریکردنی کورد وەک نەتەوە یا لایەنی سیاسی نە لەو هەڵبژاردنە و نە لە باقی شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات لە ڕۆژەڤ دا نەبووە. بەڵام گرینگە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد کاریگەریی خۆی لە سەر هەموو ڕەوتەکان، بە پێی دەرفەت و ئیمکان نیشان بدا. لەو ڕوانگەیەوە گرینگ بوو ئەو دەنگدەرە کوردانەی کە بە هەر هۆکارێک خۆیان ناچار دەبینی لەو هەڵبژاردنەی ڕێژیمدا دەنگ بدەن، لە ڕێگای دەنگەکانیانەوە پەیامێک زەق بکەنەوە کە دۆست و دوژمن لە داخوازەکەیان تێ بگا.

**پرسیار: هەڵبژاردن لە ورمێ بە ئاقارێکی دیکە دا ڕۆیشت. لە ورمێ چ ڕووی دا؟**

ڕووداوەکانی بەر لە هەڵبژاردنی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیم و دوای هەڵبژاردن نیشانەی گەمەیەکی زۆر مەترسیدار لە سەر ورمێ و لە دژی گەلی کورد لەو شارەن. لە بەرامبەر کاندیدە کوردەکان‌دا، هەموو لایەنەکانی دژبەر، بە مۆرەکانی ڕێژیم و بە ڕواڵەت دژبەرانی ڕێژیمەوە یەکیان گرت و شانۆگەریی ڕێژیمیان کرد بە مەیدانی ململانێ لە گەڵ هەبوون و ناسنامەی کوردی. ئەو گەمەیە لە لایەن چوار جەرەیانی بە ڕواڵەت جیاواز، بەڵام سەر بە یەک مەکتەبی فیکرییەوە سەرکردایەتی دەکرا کە بریتی بوون لە:

١. پاسدار وبەسیجیەکانی سەر بە باندی مەلا حەسەنی لە نێو دەسەڵاتی دژی کوردی کۆماری ئیسلامی دا کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە تەنیا و تەنیا دژایەتی گەلی کورد و مافەکانی دەکەن. ئەو باندە، تێڕوانینێکی زێدە دژ بە کوردیان هەیە و لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی تورکیی تێکەڵاو بە شیعەگەری، هەموو ئیمکاناتی دەوڵەتی‌یان بە دەستەوە گرتوە و لە دژی گەلی کورد بە کاری دێنن. ئەوان کورد بە کافر دەزانن و لە دژایەتیی گەلی کورددا، دە قات لە سیاسەتی دژە کوردی دەوڵەتی ناوەندی توندڕەوانەتر دوژمنایەتیی کورد دەکەن.

٢. جەرەیانی پان تورکیستی سەر بە بزووتنەوەی زێدە ڕەگەزپەرستی گورگە بۆرەکان کە لە لایەن مەحموود چێهرەگانیەوە سەرۆکایەتی دەکرێ وبە ناوی بزووتنەوەی وشیاریی نەتەوەیی ئازەربایجان «جامۆ»وە کار دەکا. ئەو بزووتنەوە ڕەگەزپەرستە پێشتر کەمتر دژایەتیی کوردی وەک نەتەوە دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بوون بە ئەندامی UNPO و هەستیان بەوە کرد کە دەنگیان بە جێگایەک ڕادەگا، لە گەڵ باقی گرووپە تورکەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا، بە تایبەت تورکمەنەکانی عێراق فراکسیۆنی دژی کوردیان پێکهێنا و هەموو هێز و ئینێرژیان خستە کاناڵی دژایەتی کردنی داخوازییەکانی نەتەوەی کوردەوە. جامۆ، کورد لە ورمێ بە میوان دەزانێ و لایەنگرانی خۆی هان دەدا کە کۆمەڵگای تورک بۆ وەدەرنانی ئەو میوانە هان بدا. لە پڕۆپاگەندەی ئەو ڕێکخراوەیە دا نە تەنیا ورمێ و هەموو ناوچە کوردستانیەکانی باکووری ڕۆژهەڵات، تەنانەت مهاباد و سەردەشتیش بەشێکی جیانەکراوەی خاکی ئازەربایجان دەژمێردرێن کە دەبێ لە کورد پاک بکرێنەوە. ئەو ڕێکخراوەیە بە بێ ئەوەی پڕۆپاگەندەی ئاشکرا بۆ شێوەی کاری خۆی بکا، بە قسەی چێهرەگانی لە ڕێگای پێک هێنانی کۆمیتەکانی خەڵکی لە نێو ڕیزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران‌دا خۆی بۆ دوارۆژ ئامادە دەکا.

٣. کۆمەڵێک قاچاخچی نێونەتەوەیی کە بنکەی سەرەکیان لە کانادا و ئامریکایە و لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی گووناز تی ڤی (GUNAZ TV) یەوە تۆوی دژایەتی لە گەڵ نەتەوەی کورد دەپرژێنن. ئەو جەرەیانە بەو ئیمکاناتە تەبلیغاتییەی کە بە دەستیەوەیەتی زۆر ڕاشکاوانە دژایەتیی گەلی کورد دەکا و نەتەوەی کورد وەک نەتەوە بە تێرۆریست و دوژمنی خۆی لە قەڵەم دەدا. بەشی هەرە زۆری چالاکیە تەبلیغاتیەکانی ئەو باندە لە دەوری دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردستاندا دەخولێنەوە.

درێژە ل٦

ژمارە:٦٧٩ • ڕۆژنامەی کوردستان

سیاسی

# کوردستانی سوور لە نیوان بەرداشی ناکۆکی‌یەکانی ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان‌دا

عەلی ئەسغەر فەریدی
عەلی بداغی کردویەتییە کوردی

قەرەباغ جیا لە ئەرمەنی‌و ئازەری‌یەکان نیشتمان‌و شوێنی ژیانی زۆر لە کوردەکانیشە کە زۆر پێشترلەوێ ژیاون. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا وەک ناوچەیەکی خودموختار بۆ ماوەی شەش ساڵ لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا. ئێستا کوردەکان لە کاتێکدا لە باشووری کوردستان‌و خۆرئاوای کوردستان بە پشتیوانیی هاوپەیمانە جیهانی‌یەکان شەڕی داعش دەکەن‌و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕێکخراوو حیزبی سیاسی و سەربازیی خۆیان هەیە؛ لە ناوچەی قەرەباغ لێک‌بڵاون‌و تووشی شەڕێک بوون کە لە ئەگەری گرگرتنی زیاتری‌دا، بۆ ئەوان جیا لە ئاوارەیی‌و ماڵوێرانیی زیاتر بەرهەمێکی بەدواوە نابێ.

***

شەڕو لێکدانی ئەم دواییانەی نێوان ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان توندترین تێکهەڵچوونی نێوانیان لە ساڵی ١٩٩٤ بەم لاوەیە.

دوو ڕۆژ دوای دەسپێکی شەڕی نێوان ئەرتەشی ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان لە ناوچەی ناگورنو قەرەباغ هەواڵدەریی «ئەرمەن پرێس» لە زمان « داویت بایابان»، وتەبێژی کۆماری خۆڕاگەیەندراوی قەرەباغ بڵاوی کردەوە کە: « یەکەم نیشانەکانی گورگە بۆرەکان‌و داعشمان لە هێلەکانی پێشەوەی شەڕدا بینی. «داویت بایابان» دەڵێ لە ڕێگەی گوندنشینەکانی ناوچە سنووری‌یەکانی قەرەباغ‌و ئازەربایجانەوە بۆمان دەرکەوتوە کەسانێک کە بە زمانی عەرەبی‌و زمانێکی جیا لە ئازەری دەدوێن لە ناوچەکانی شەڕدا بینراون.

هاوکات ماڵپەڕی «ئیزەدی پرێس» کۆمەڵێک وێنەو ڤیدیۆی بڵاو کردۆتەوە کە لەوان‌دا هێزەکانی ئەرتەشی ئازەربایجان بۆ نیشاندانی توانای سەربازیی خۆیان سەری لە لەش جیاکراوەی سەربازێکی « ئێزەدی»ی ئەرتەشی ئەرمەنستان‌یان بەرز کردۆتەوە.

لە ساڵەکانی نێوان ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ و لە شەڕەکانی پێشووی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان‌دا کە کوژرانی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس‌و ئاوارەبوونی پتر لە ٨٠٠ هەزار کەسی لێ‌کەوتەوە، بە هەزاران کەس لە ژێر ناوی جیهاد لە وڵاتانی پاکستان، ئەفغانستان، تورکیەو ناوچەی خودموختاری چیچێن لە ڕیزی سوپای ئازەربایجان‌دا بوون‌و لە پێناو ئیسلام‌دا شەڕی ئەرمەنی‌یە مەسیحی‌یەکانیان دەکرد.

### مێژووی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە قەفقاز

ناوچەی ناگورنۆ قەرەباغ کە لە مێژ ساڵە ناکۆکیی نێوان ئەرمەنستان‌و باکۆی لەسەرە، بە ڕووبەری ٤٤٠٠ کیلۆمێتری چوارگۆشە ناوچەیەکی قەتیس لە وشکانی لە قەفقازی باشوور و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی قەفقازی بچووکە. ئەو شوێنە لە خۆرئاوا لەگەڵ ئەرمەنستان، لە باشوور لەگەڵ ئێران‌و لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان هاوسنوورە.

قەرەباغ دەمێک ساڵ پێش ئەرمەنی‌و ئازەری‌یەکان نیشتمان‌و شوێنی زۆر لە کوردەکان بووە. ئەو ناوچەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداری یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا وەک ناوچەیەکی خودموختار بۆ ماوەی شەش ساڵ لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا.

ئایشێ حوڕ ( Ayşe Hur) ڕۆژنامەنووسی تورک کە لە مێژووی کوردەکان دەکۆڵێتەوە، لە سەر ئەو ناوچەیەی ئێستا ناکۆیی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجانی لەسەرە دەڵێ: « مێژووی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە ناوچەی قەفقاز دەگەڕێتەوە سەدەکانی ٩ و ١٠ ی زایینی. هینێک سەرچاوەش دەڵێن کوردەکان لە سەدەی ١٦ ی زایینی‌و لە سەردەمی سەفەوی‌یەکان‌دا هاتوونەتە ئەو ناوچەیە. ئەو سەرچاوە مێژوویی‌یانە دەڵێن شاعەبباسی سەفەوی بە مەبەستی دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان ئێران‌و عوسمانی‌دا هۆزە کوردەکانی لە خوراسان‌و موسڵڕا بۆ ئەو ناوچەیە گواستەوە.

وەک لە قسەکانی «ئایشێ حوڕ» دەردەکەوێ ئەو ناوچەیە لە سەدەکانی ١٧و ١٨ دا لە ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی قەرەباغ‌و ئێرەوان‌دا بووە، دیارە زۆربەیان لە ژێر دەسەڵاتی قەرەباغ‌دا بوون. لەگەڵ لکاندنی ئەو ناوچەیە بە ڕووسیەی تێزارەوە و هەڵوەشانەوەی دەرەبەگایەتی لە قەرەباغ، کوردەکانی ناوچەکەش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکانەوە. ئیدی لەو ڕێکەوتەوە پرسی پێدانی خودموختاری بە کوردەکان هاتە بەرباس‌و لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەت‌دا وەدی‌هات.

### کوردستانی سوور، دیاریی لێنین بۆ کوردەکان

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبرو لە ڕۆژی حەوتی ژوئییەی ١٩٢٣دا، بە بڕیاری لێنین، ناوچە کوردستانی‌یەکانی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان وەک «ئەویزەد»ێک، [پلەیەک خوارتر لە ناوچەی خودموختار] بەناوی کوردستان بە سەرۆکایەتیی « گوجی




قاجی‌یۆڤ دامەزراو شاری لاچین کرا بە ناوەندی ئەو کوردستانە. لاچین، گوڵبەجار، زەنگیلان، شووشاو قوبادلوو شارە گەورەکانی ئەو هەرێمە کوردی‌یە بوون.

کۆماری سۆسیالیسیتیی ئازەربایجان ئەگەرچی لە کاتی دامەزرانی ناوچەی خودموختاری کوردستانی سووردا پێشوازی‌یەکی ئەوتۆی لەو بڕیارە نەکرد، بەڵام لە دژی بڕیاری مۆسکۆش ڕانەوەستا. کۆماری سۆسیالیستیی ئەرمەنستانیش کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٢١ ی مۆسکۆ ناچار بە چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە بۆ ئازەربایجان ببوو، ئەو بڕیارەی زۆر بەدڵ بوو.

یەکێک لە خاڵەکانی جێی باس‌و پرسیار لە دامەزرانی کوردستانی سووردا تێخستنی شاری قوبادلوو لە نێو جوغرافیای سیاسیی ئەو ئەویزەدە بوو. دەیوید بابایان، لێکۆڵەری ئەرمەنی پێی‌وایە ئەو ناوچە خودموختارە کە لە نێو سنوورەکانی کۆماری سۆسیالیستیی ئازەربایجان‌دا دروست ببوو، شاری قوبادلوو کە هیچ کوردێکی تێدا نەبوو و سەدی ٩٨ی دانیشتووەکانی ئازەری بوون و ئەوی دیکەی ئەرمەن بووە؛ بۆیە خرابووە نێو ئەو جوغرافیایە تا پێکهاتەی حەشیمەتیی کوردستانی سوور کە ئەو کات ٥١٢٠٠ کەس بوو، لە سەدی ١٠٠ بۆ سەدی ٧٣ بگۆڕن.

گرینگیی کۆماری کوردستان بە دەرکەوتنی نارەزایەتی‌یەکانی باقرۆف کاڵ بۆوەو لە ٨ی ئاوریلی ١٩٢٩ و لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە بەڕێوەبەریی ئیداری _ سیاسیی ئازەربایجان‌دا، کوردستانی سوور هەڵوەشاو ناوچەکانی تێکەڵ بە قەرەباغ کران.

لە ٢٥ ی مانگی مەی ١٩٣٠ دا « ئوکروگ»ی کوردستانی سووور دامەزرا و زەنگیلان و جەبرالی چوونە پاڵی؛ بەڵام لە ٢٣ ی ژووئیەی ساڵی ١٩٣٠دا جارێکی دیکەش سنووری جوغرافیایی یەکیەتیی سۆڤییەت ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هات و هەموو ناوچە خۆبەڕێوەبەرەکان هەڵوەشان. بەمجۆرە تۆماری مێژووی شەش ساڵەی کوردستانی سوور تێکەوە پێچرا و ستالین دیاری‌یەکەی لێنین بە کوردانی لەوان ئەستاندەوە.

### هەوڵەکان بۆ ژیاندنەوەی کوردستانی سوور

لەگەڵ ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت ناکۆکی‌یەکانی نێوان ئەرمەنستان‌و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباغ سەری هەڵدایەوە. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ئازەربایجان دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا نەماو کوردەکان بوونە دەستەچیلەی ئاوری شەڕو پێکهەڵپڕژانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە. لە جەنگەی ئەو شەڕەدا هەر دوو دەوڵەتی ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان‌و هەر کام بە جیا بەڵێنی گەڕانەوەیان بەو کوردانە دەدا کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کۆچی زۆرەملی‌یان پێ‌کرابوو. ئەوان بەڵێنی گەڕانەوە، بە ڕەسمی ناسین‌و تەنانەت دامەزراندنەوەی «کوردستانی سوور»یان پێ‌دەدان.

لەو نێوەدا لە ساڵەکانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ دا هەندێک لە چالاکانی کوردو یەک لەوان وەکیل مستەفایوف هەوڵی ژیاندنەوەی کوردستانی سووریان دا. وەکیل مستەفایوڤ دەیگوت لە شەڕی نێوان ئەرمەنستان‌و باکۆدا کوردە موسوڵمانەکان بەلای ئازەربایجان‌و کوردە ئیزەدی‌یەکانیش بەلای ئەرمەنستان‌دا شکانەوەو ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە کوردەکان بەرەورووی یەکتر ببنەوەو لە مێژووی کوردەکان‌دا براکوژی‌یەکی دیکەش بێتە ئاراوە.

دوای تێکشکانی ئازەربایجان لە شەڕی قەرەباغ‌دا، کوردە ئیزەدی‌یەکان کە لە بەرەی ئەرمەنستان‌دا بە دژی ئازەربایجان شەڕیان کردبوو، لە شاری لاچین، پێتەختی کوردستانی سوور، ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوەو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» کردیان بە جێژن‌و خۆشی. بەڵام کەمێک دوای ئەو ڕووداوە ئەرمەنی‌یە توندئاژۆکان بە پشتگیریی ژێربەژێری دەوڵەتی ئەرمەنستان ئاڵای کوردستانیان هێنایە خواری‌و ڕێیان لە دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەی ناگوڕنو قەرەباغ گرت.

ئێستا کوردەکان لە کاتێکدا لە باشووری کوردستان‌و ڕۆژاوای کوردستان بە پشتیوانیی هاوپەیمانە جیهانی‌یەکان شەڕی داعش دەکەن‌و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕێکخراوو حیزبی سیاسی‌و سەربازیی خۆیان هەیەو خەبات دژی دەوڵەتی ناوەندی دەکەن، لە ناوچەی قەرەباغدا لێک‌بڵاون‌و بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی‌و حیزبی تووشی شەڕێک بوون کە لە ئەگەری گرگرتنی زیاتری‌دا، بۆ ئەوان جیا لە ئاوارەیی‌و ماڵوێرانیی زیاتر چیی دیکەی بەدواوە نابێ.

---

دریژەی

# هەڤپەیڤینی «کوردستان» لەگەڵ عەبدوڵا حیجاب

٤. کۆنگرەی جیهانیی تورکانی ئێران بە سەرۆکایەتیی مۆرەی نێوزڕاوی پان تورکیست، علیرەزا نەزمی ئەفشار کە بە چەکی شیعەگەری و پان تورکیسمەوە شەڕی کورد و هەبوونی نەتەوەیی گەلی کورد دەکا. نەزمی ئەفشار بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد، لەم دواییانەدا چرا سەوز بۆ خامنەیی و باڵی بنئاژۆ لە کۆماری ئیسلامی دا هەڵ دەکا و بە نامە و پەیامەکانی نیشان دەدا کە ئامانجی سەرەکیی چالاکیەکانی ئەو، دژایەتی مافەکانی نەتەوەی کوردە تا وەدەست هێنانی مافی نەتەوەی ئازەری. کۆنگرەی جیهانیی تورکەکان، خاوەنی تۆڕی چالاکی دیپلۆماتیکە کە لە کۆنگرێسی ئامریکا، پارڵمانی کانادا و دام و دەزگاکانی یەکیەتی ئەورووپادا کار دەکەن. دەزگای دیپلۆماسیی تورکیەش زۆر بە نهێنی کارئاسانیان بۆ دەکا و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێ. نامەی نەزمی ئەفشار بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێژیم لە ورمێ کە لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکانی خودی نەزمی ئەفشاریش دا بڵاو کراوەتەوە، ئەو ڕاستییە جوانتر دەردەخا.

خاڵی هاوبەشی هەر چوار لەو جەرەیانانە ئەوەیە کە سەرەڕای ناکۆکیی نێوخۆیی و جیاوازیی ڕاوبۆچوونیان، لە سەر دوژمنایەتی لە گەڵ هەبوون و مافی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا یەکگرتوون و لە سەر بنەمای دوژمنایەتی کردن لە گەڵ کورد، ئامادەن بە کردەوە پێکەوە کار بکەن. هەمووی ئەو جەرەیانانە هەڵوێست و بۆ چوونەکانیان بە ڕاشکاوانە لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکان و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنیان‌دا باس دەکەن و ڕاوبۆچوونیان لە دژی کورد ئاشکرایە.

ئاکامی ئەو یەکگرتنەوەی ناسیۆنالیستە توندئاژۆەکان و پشتیوانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان ڕێژیم ئەوە بوو کە کوردەکانی ورمێ بە یەکجاری لە پەراوێز خران و ڕێگایان پێ نەدرا تەنانەت لە چوارچێوەی یاساکانی خودی ڕێژیمش دا بتوانن بە دەنگی خۆیان، کەسێک بنێرن بۆ تاران.

### پرسیار: ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە چ پەیامێک دەگەیەنێ؟

وەڵام: زۆر بە ڕوونی پیمان دەڵێ کە داهاتووی ئەو ناوچانە پڕە لە مەترسی و دەتوانێ کارەساتی چاوەڕواننەکراوی بە دواوە بێ. من هیچ بە دوور نازانم کە درێژەکێشانی ئەو ڕەوتە مەترسیدارەی کە لە مێژە دەستی پێکردوە و ئێستا بە ئاستێکی مەترسیدار گەیشتوە، بتوانێ لە قۆناغێکی ئیحتیمالیی گۆڕان دا نەتەوەی کورد لەو هەرێمەدا لە گەڵ دژوارترین و پڕ کارەساتترین ساتەکانی مێژووی خۆی ڕووبەڕوو بکا. چونکە کەم نین ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ کارەساتەکانی هاوشێوەی نەکبەتییەکانی سەرەتای سەدەی ١٧ و گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەو هەرێمە، دوای ساڵی ١٨٨٣، سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم و ... دووبارە بکەنەوە.

ئەو ڕەوشە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی بەرپرسانە هەیە کە هەموو هێزەکانی کوردستانی پێویستە لێی قووڵ ببنەوە. ئەوە بە مانای ڕەش بینی و شینی بەر لە کارەسات نیە، بەڵکوو تەنیا وشیارکردنەوە لە بەرامبەر ئاسۆیەکی تەم و مژاویدایە کە ڕەنگە تۆفانێکی پڕ لە کارەساتی بە دواوە بێ. تەنیا ئامادەکاریی جێی متمانەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەساتێکی ئیحتیمالی، یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکانی کورد و وەخەبەرهاتنەوەیانە.

### پرسیار: هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کوردەکان و خەمسارییان بەرامبەر بە پرسێکی ئاوا کامانەن؟

وەڵام: پێم وانیە مەسەلە خەمساری بێ. وەک باسم کرد، لە ورمێ و بە گشتی لە هەموو پارێزگاکەدا کە بە پارێزگای ورمێ دەناسرێ دەسەڵاتی کۆنەپەرست و بیری توندڕەوی پان تورکی بە ئیمکانات و پشتیوانیی ڕێژیم، لە بەرامبەر داخوازەکانی بەربژێرە کوردەکان‌دا کە بە گشتی پێکەوە ژیانێکی ئارام و دابەش کردنی ئیمکاناتی ریفاهی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتدار دا بوو، یەکیان گرتەوە. ئەوەشمان لە بیر بێ کە ڕەوتی بەر لە هەڵبژاردن لە خودی ئاکامی هەڵبژاردن گرینگتر بوو. لەو ڕەوتەدا کوردەکان توانیان زۆر بە ڕاشکاوانە بەشێکی ئەو زوڵم و بێ عەدالەتییەی کە لە کوردستان‌دا بە شێوی چەند قات بەڕێوە دەچێ بێننە بەر باس و زەقی بکەنەوە. بە شێوەیەک کە بەربژێرە کوردەکان سەلماندیان نە دەسەڵاتی سەرەڕۆ، نە توندئاژۆیی ڕەگەزپەرستانە دەتوانێ پێش بە نواندنی ڕەنگ و دەنگی نەتەوەییان بگرێ، هەر چەند ڕێگاشیان پێ نەدرێ کە لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەریی وەڵات دا، تەنانەت لە چوارچێوەی ڕێژیمدا بەشداری بکەن. بە بێ هەڵسەنگاندنی بەربژێرە کوردەکان، من پێم وایە کۆمەڵگای کورد لەو ناوچەیەدا سەلماندی کە لە قۆناغی تەسلیم بوون بە جەوی زاڵ و دابەش بوون بە سەر پێکهاتەی جیاواز کە نەتوانێ لە دەوری ویستی هاوبەشی نەتەوەیی کۆببێتەوە تێپەڕیوە. ئەوەش ڕووداوێکی ئەرێنی بوو.

### پرسیار: بۆ داهاتوو دەبێ چ بکرێ؟

وەڵام: پرش و بڵاویی بزووتنەوەی کورد خاڵی لاوازی تێکۆشانی نەتەوەییمانە و لە هەموو کات و دەرفەت دا زەربەمان لێ دەدا. کاتێک هەموو لایەنەکانی کورد باسی دێمۆکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ و دەسەڵاتێکی بە دوور لە بنئاژۆیی، توندئاژۆیی و ڕەگەزپەرستی دەکەن، دەبێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە ئەو نرخانەی تێیدا بەدی بکرێن، بە کردەوە هەنگاوێک بۆ لێک‌نزیکبوونەوە هەڵبگرن. هاوتەریب لە گەڵ ئەوە، دەبێ دیالۆگێکی نەتەوەیی دوور لە بەرچاوتەنگیحیزبیمان هەبێ کە دەرفەتمان بۆ بڕەخسێنێ، هەل و مەرجی هەر هەرێم و دەڤەرێکی نیشتیمانمان بە شێوەی ڕاستبینانە هەڵبسەنگێنین و بۆ هەر ڕەوت یا ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ئیداری بەرنامەی گونجاو بۆ ئەو هەرێمە دابنێین. ئەوە بە مانای واز هێنان لە پڕەنسیپ نیە. بەڵام پێوان و پڕەنسیپی دێمۆکراتیک ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێ کە هەل و مەرجی هەر ناوچەیەک وەک خۆی بە جیا لە بەر چاو بگیرێ و لە چوارچێوەی پڕەنسیپە گشتییەکان دا دەرفەتی مانۆڤری سیاسی بە پێی هەل و مەرج لە هەر ناوچەیەک دا پێک بهێندرێ.

# نەسلێکی عەمەڵگەرا و لەخۆبردوو

## (بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی)

بیروڕای ئازاد

**ئاراس**

بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧- ١٣٤٦لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا سەرەڕای کورتیی تەمەنی (١٨ مانگ) و سنوورداربوونی جوگرافیاکەی (ناوچەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار) بە قوناخێکی گرینگ و شوێندانەر دێتە ئەژمار. گرینگیی ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ بەم جۆرە فۆرموولە بکەین:

ئەلف/ لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان راستە چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە هەموو هەڵکشان و داکشانیەوە رانەوەستابوو، بەڵام لە ئاست کاریگەری و رەنگدانەوەی ئەم بزاڤە لە کوردستان و ئێران زۆر کەمڕەنگ بوو.

ب/ یەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا رێکخراوێکی حیزبی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا شێوازی خەباتی چەکدارانەی گرتبێتە بەر.

ج/ ڕێژیمی پەهلەوی لەم ساڵانەدا تەواو هەستی بە سەقامگیری و ئاسایش دەکرد بە جۆرێک حەمەڕەزاشا ئێرانی بە دوڕگەی «ئارام»ی دەریای تۆفانلێدراوی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، بەڕێکەوت نەبوو کە پاش تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ لە سەڵتەنەت، ساڵی ١٣٤٦ شا تاجی لەسەر نا. بزووتنەوەی ٤٦-١٣٤٥ ئارامیی ئەم دوڕگەیەی شێواند.

د/ شوێنەواری ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بە کوردستان سنووردار نەمایەوە، بەڵکوو بوو بەهۆی بەخشینی وزە و ورە بەو بیرۆکە چریکییە کە هێشتا لە ئێران نەچووبووە قۆناخی کردارییەوە و دوو ساڵ دواتر ڕووداوی (سیاهکل) بوو بە دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی هێزە سەرانسەرییەکان بە دژی ڕێژیم.

هـ/ هەرچەندە ئەم بزاڤە لە رووی سەربازییەوە تێکشکا، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە بەشداربووانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ دوو وەچەی پاش خۆیان بوون بە سێمبول و ئیلهامدەری خەبات و تێکۆشان.

و/ ئەم بزووتنەوەیە کوردستانی تێکەڵ بەو ڕەوتە خەباتگێڕانەیە کرد کە لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاویدا لە «هانۆی»، «پراگ»، «هاوانا»، «ئەلجەزیرە»، «پاریس» و «غەنا»دا لە هەڵچوون و کەفوکوڵدا بوو.

لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەسەر ئەم رووداوە بەهۆی کەمیی بەڵگە و دێکومێنت ئەستەم و دژوارە، بەتایبەتی کە بەشی زۆری رێبەرانی ئەم بزاڤە گیانیان لە دەستدا ،[1] و لە رێگەی ئەوانەوە هیچ چەشنە زانیارییەکمان دەست ناکەوێ. ئەوەندەی هەیە چەند نامەیەکی سولەمان موعینی و سمایل شەریفزادەن کە بە نرخن و دوو سێ ژمارەی بڵاوکراوەی «تیشک» و هەروەها بیرەوەریی کەسانێک کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە.

هەر ئەم کەمیی زانیارییەش وای کردوە کە روانگە و بۆچوونی جیاواز لەسەر چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە بێتەگۆڕێ. بۆ وێنە: روانگەیەک پێی وایە «بارودۆخی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەک و ئەو فشارە کە بۆ کادرەکانی حیزب دەهات لە لایەکی دیکەوە، هێندێک لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناچار کرد، کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و بێنەوە کوردستانی ئێران». ئەوەی پرسیار دەخاتە سەر ئەم روانگەیە ئەوەیە ئەدی چۆن بوو بەدەیان ئەندامی رێبەری، کادر و پێشمەرگەی حیزب «ناچار» نەبوون باشووری کوردستان بەجێ بێڵن و تا کۆتایی بزووتنەوەکەش هەر لەوێ حاوانەوە. کەوابوو ئەو فورسەت و مەجالە بۆ ئەو تێکۆشەرانەش کە باشووری کوردستانیان بەجێ هێشت رەخسابوو و دەیانتوانی «ناچار» نەبن کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن. ئەوەی کە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەم دوو دەستەیە، فاکتەری ئیرادەیە کە لەلای بەشێکیان غایبە و ئەمە لە نامەیەکی «سولێمانی موعینی«دا بە روونی دەردەکەوێ: «مەگەر شەرایت نابێ ئەو پێشرەوانە بیخولقێنن و دروستی کەن، یا هەردەبێ ئوردووی سوور بێتەوە جا رزگار بین».

روانگەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بزووتنەوەکە دەسکردە و کەسانێک و ڕەوتێک لە پشتی بوون و دەڵێ: «حیزبی شیوعی ئەو کاتە هاوپەیمانیەتی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو و بەم بۆنەوە لەگەڵ شۆڕش کە لە شەری حکوومەتی عێراقدا بوو کەوتبووە دژایەتی و ناکۆک بوون. تەبعەن حەزیان دەکرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەرایەک ساز بێ، جا دەگاتە کوێ، کەیفی خۆیەتی، هەر هێندە کە دەگەڵ دەوڵەتی هاوپەیمانی خۆی بڕواتە پێش و ئوموراتی خۆی بۆ بڕوا بەسە. لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر شۆڕشی باشوور کە رژێمی ئێران پشتیوانی لێدەکات، با ئەوانیش بە یاریدەی حکوومەتی عێراق لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، فیتنەیەک بنێنەوە.» لەم پەیوەندییەدا دەبێ بگوترێ کە حیزبی شیووعی لەم ساڵانەدا نە تەنیا هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەبوو، بەڵکوو لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٣ (١٣٤٢) کە بە هاوبەشیی حیزبی بەعس و نەتەوەیییەکان (عبدالسلام عارف) ئەنجام درا، حیزبی شیووعی بە توندی کەوتە بەر پەلامار و راوەدوونان، بە جۆرێک کە سەدان کادر و ئەندامی لێ زیندانی و ئیعدام کران. لەم ساڵانەدا (١٩٦٣-١٩٦٨ز) (١٣٤٢-١٣٤٧هـ) حیزبی شیووعی نە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات بوو، بەڵکوو لە کوردستان (لە شۆڕشی ئەیلوولدا) هێزی پێشمەرگەیان هەبوو و بەشداریی چەندین شەڕی گەورە وەک شەڕی «هەندرێن ١٩٦٦»یان کرد. ئەو هاوپەیمانەتییەی حیزبی شیوعی و دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەرەتای ٧٠کان دەگەڕێتەوە، واتە پاش کودەتای دووهەمی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا؛ ئەوکات کە لەمێژبوو جولانەوەی چەکدارانە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێهاتبوو.

روانگەیەکی دیکەی سەرسورهێنەر دەڵێ: «بەڕێوەبەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە حەیفی ململانێی نێوخۆیی و حیزبی چوونەوە و خۆیان بە کوشت دا.» بە پێچەوانە بەڕێوەبەرانی ئەم بزووتنەوەیە بە ئاگایییەوە دەستیان داوەتە ئەم کارە و تەنانەت خۆیشیان بۆ گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجەکانیاندا ئامادە کردوە. «سولەمان موعینی» لە نامەیەکدا بۆ «کەریم حیسامی» دەنووسێ: «زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە هەر تەنیا لە سەر مەسەلەی ئەودیو راوەستاوین، لایەکی وەلایەکی کەوێ، دەزگای قوڵی (مەبەست حەمەرەزا شایە) وە زەلزەلە دەخەین. ئەو ترس و هەرایەی هاویشتویەتی دڵی خەڵکی بەتایبەتی لە دەرەوە نایهێڵین، بە درێژایی سنوور تەنیومانە و بە جارێک بەسەریدا دەروخێین.» «ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بووین خەممان مەخۆ، مەڵێ بەخۆرایی چوو، ئێمە دەمانەوێ رێگا خۆش کەین... زانایانە و عادڵانە بێ ئەوەی خۆمان لەبەر چاو بێ دێینە مەیدانەوە...»

ئەمن بە پێچەوانەی ئەو روانگانەی سەرەوە لەمەڕ چۆنیەتیی پێکهاتنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ بیر دەکەمەوە و زەمینە و بەستێنی پێکهاتنی ئەم بزووتنەوەیە لە هۆکار و فاکتەری دیکەدا دەدۆزمەوە کە دەبێ بۆ تاوتوێکردنی بگەڕێینەوە بۆ هەل و مەرجی ئەوکاتی جیهان، ئێران و کوردستان.

ئەگەر قبووڵمان بێ کە هەر دیاردەیەک تەنیا لە زەمینە و بەستێنی مێژوویی تایبەتیی خۆیدا دەکرێ بناسرێ، واتە پەیوەندیی نێوان دیاردە و ئەو بەستێنەی کە تێیدا پێکدێ مێژووی براوەیە، هەروەها ئەگەریش قبووڵمان بێ کە هیچ رووداوێکی مێژوویی لە عەرزی رووت و قووت شین نابێ، واتە شتێکی «تجریدی» و «ابتدا بە ساکن» نیە، بەڵکوو پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێو قۆناغەکان و رووداوەکاندا هەیە. ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەم لوژیکەدا دەکرێ ئەو بارودۆخ و زەمینەیە کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦-١٣٤٥ی تێدا پێکهات و لە دایک بوو، وێنا بکەین.

ئەلف/ فەزای سیاسی ئەو سەردەمەی ئێران

١ـ کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دێموکراسییە رێژەیییە کە ماوەی ١٢ ساڵ بوو کەم و زۆر لە فەزای سیاسیی ئێراندا هەبوو و رێگەی بۆ سەرەڕۆیی و توندوتیژی خۆشکرد.

٢ـ کۆتاییهاتن بەو فەزا سیاسییە نیمچەکراوەیە کە لەنێوان ساڵەکانی ٤٢-١٣٣٩ بە هۆی ناکۆکیی نێوان حەمەرەزا شا و عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی جێی متمانەی ئەمریکایییەکانەوە پێکهاتبوو، کە تێیدا حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی (بەرەی نیشتمانی) و بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ چالاک ببوونەوە.

٣ـ تێکشکانی خوێناویی راپەڕینی جەماوەریی ساڵی ١٣٤٢ کە رووحانیەتی شیعە مودیرییەتی دەکرد.

٤ـ حەمەڕەزا شا رێبەریی «شۆڕشی سپی» ی خۆی کردبوو کە ئەمریکایییەکان بەسەریاندا سەپاندبوو و لە پڕوپاگەندەی خۆیدا نەمانی سیستەمی فئۆداڵیی بە گوێی جیهان راگەیاند و لە درێژەی ریفۆرمەکانیدا رێگەی بۆ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆش کرد و ئەو سەرمایەدارییەی بە ئابووریی سەرمایەداری جیهانییەوە گرێ دا.

ب/ بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن

دوو هێزی سەرەکی کە نەیاری حەمەڕەزاشا بوون بریتی بوون لە حیزبی توودە و بەرەی نیشتمانی. حیزبی توودە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو زەبرەی لەلایەن رێژیمەوە لێیدرا لە راستیدا تا شۆرشی ساڵی ٥٧ نەیتوانی پشت راست بکاتەوە و لەو سەردەمەدا وەک حیزبێکی دوورخراوە کە رێبەرانی لە «لایپیزیک»ی ئالمانی رۆژهەڵات باروبنەیان خستبوو، زۆرتر لە دوورەوە چاوەدێر و بینەری رووداوەکانی ئێران بوو.

بەرەی نیشتمانییش کە لە ساڵی ٣٩دا سەرلەنوێ لە ژێر ناوی بەرەی نیشتیمانی دووهەمدا خۆی رێکخستبۆوە بەنیاز بوو لە رێگەی چالاکیی قانوونییەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا، کەوتە بەر پەلاماری دەزگا پۆلیسی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم و زۆربەی رێبەرانی گیران و زیندانی کران یان دوورخرانەوە و بەم جۆرە شکانی گشتیی ئۆپۆزیسیۆن عەمەلی بوو.

ئێستا دەکرێ بڵێین کە شکان و سەرکوتی خوێناویی راپەڕینی ساڵی ٤٢ و بەدوای ئەودا سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی وەک دوایین ئەزموونی چالاکیی ئاشکرا و دێموکراتیک کە تا ئەوکات هەوڵیان دەدا لە رێگەی خۆپیشاندانی هێمنانە و مانگرتن و رێگە یاسایییەکانی دیکەی نارەزایەتیدەربڕینەوە لە خەبات بە دژی رێژیم بەردەوام بن لەلایەک، و سەپاندنی کەش و هەوای فشار و سەرکوت و دەستئاوەڵایی ساواک بۆ راوەدوونان و گرتنی نەیارانی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، نیشانەی داخرانی رێگەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بوون و شکست و سەرنەکەوتوویی ئەو شێوازانەی خەباتی بۆ تێکۆشەرانی سیاسی دەرخست. بەم جۆرە رێگە بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێی خەبات کرایەوە کە ئەویش خەباتی نائاسایی و نائاشتیخوازانە بوو، بەتایبەت کە کەشوهەوای سیاسیی جیهانیش بەتایبەتی لە وڵاتانی «جیهانی سێهەم» کە تێیدا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزم زاڵ بوو، بۆ پەنابردن بۆ شێوازی توندوتیژانە هاندەر بوو.

موهەندیس مەهدی بازرگان کە بە تاوانی ئەندامبوون لە «نهضت آزادی»دا گیرابوو ساڵی ١٣٤٣ لە پێشبینییەکی واقیعبینانەدا لە بەردەم دادگای نیزامی بەڕێوەبوونی تارمایی سەردەمێکی نوێ لە خەبات رادەگەیەنێ و دەڵێ: «ئێمە دوایین کەسانێکین کە لە رێگەی قانوونی بنەڕەتیی مەشرووتەوە خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێبینییە بە کاربەدەستانی سەرەوەش رابگەیێنێ»

ج/ خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە جیهاندا

لەم قۆناغە لە مێژوودا ئەگەر گوتاری زاڵ لە «جیهانی سێهەم»دا گوتاری شۆڕش و رادیکالیزمە، شەپۆلی رادیکالیزم و هەوڵ بۆ گۆڕینی نۆرم و بایەخەکانی باو و کۆن، ئەمریکا و ئوروپاشی گرتەوە. ئەو قۆناغە لە زەمان شاهیدی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دەرکی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پێویستیی خەبات لە دژی شێوەکانی کۆنترۆڵ و دەسەڵات بوو. لەڕاستیدا چەشنێک رووحی خەباتگێری دنیا و بەتایبەتی «جیهانی سێهەمی» گرتبۆوە:

ـ لە ئەمریکا بزووتنەوەی مافی مەدەنیی رەشپێستان کە ناوی «مارتین لوتێرکینگی» خستە سەرزمانان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان، بزووتنەوەی دژی شەڕی ڤیێتنام، بزووتنەوەی هیپیگەری و چەند بزووتنەوەی دیکە لە دەیەی ٤٠دا شکڵیان گرت.

ـ ساڵی ١٩٦٨ز (١٣٤٧هـ) پاریس شاهیدی راپەڕینی بەربڵاوی خوێندکاران بوو، راپەڕینێک کە خوێندکارانی ئەمریکا و مەکسیک لە خۆرئاوا تا لەهستان و چێکسلۆڤاکی و یوگۆسلاڤیی سوسیالیستی لە خۆرهەڵاتی گرتەوە. بە وتەی ئەریک هابزباوم: «راپەرینێک کە کوتایی بە قۆناخی ژنراڵ دۆگۆل لە فەرانسە و سەرۆکە دیموکراتەکانی ئەمریکا هێنا و لەگەڵ خۆی زۆر نۆرم و بایەخی نوێی هێنان».

ـ هەر لەو ساڵەدا (١٩٦٨) دێموکراسیخوازانی چێکۆسلۆڤاکی بەرێبەریی «دوبچێک» لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤیەتدا راوەستان کە «بەهاری خوێناویی پراگ»ی لێکەوتەوە.

د/ جیهانی سێهەم «دڵی گوتاری شۆڕش و رادیکالیزم»

ـ لە پاش کوتایی شەری دووهەمی جیهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی و شکانی مێژوویی کۆلۆنیالیزم، دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرکەران بە سەربەخۆیی گەیشتن، لوتکەی ئەم سەرکەوتنانە دەیەی ٤٠ بوو. «قەوام نکرومە» لە غانا، «سیکوتورە» لە گینە، «پاتریس لۆمۆمبا» لە کۆنگۆ و «جمال عبدالناصر» لە میسر بە ناوبانگترین سیما بەرچاوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بوون کە خەڵکانی جیهانی سێهەم ستایشیان دەکردن.

ئەوەی کە هەم نەیارانی شۆڕش و هەم شۆڕشگێرانی سەرسام کردبوو، شێوەی ئەسڵیی خەباتی شۆرشگێرانە لە جیهانی سێهەمدا بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەم سەر تا ئەو سەری جیهان. بە پێی ئامارێک کە لە ساڵەکانی ٥٠ گیراوە، لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە تا ئەوکاتە ٣٢ شەڕی گەورەی چریکی تۆمار کراوە. لە نێو ئەو شەڕە چریکییانەدا شۆڕشی چین، سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەی «ئەلجەزایرییەکان» سەرکەوتنی گەلی ڤیێتنام بەسەر فەرانسەیییەکاندا و دواتر تەنگەهەڵچنین بە ئەمریکایییەکان و شۆڕشی کووبا بوون بە ئیلهامدەری شۆڕشگێڕان لە جیهانی سێهەمدا و یەک لەوان شۆڕشگێڕانی کورد کە وەک ئولگوویەک پەیرەوییان لێبکەن و ئەمە لە نامەیەکی سولەیمانی موعینیدا دەبینین کە دەنووسێ: «چاوگێرانێک بەسەر رابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەلاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو راستیەدا دەخا کە دەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە».

ناو و ناوبانگی «مائو»، «جیاب»، «کاسترۆ»، «چەگوارا» و «هۆشی مینە» کە سەرکردە و رێبەرانی ئەو خەباتانە بوون لە هەموو شوێنێک دەبیسترا و ببوونە سێمبوولی سیاسیی میلیۆنان لاو. «مسعود بهنود» مێژوونووس و رۆژنامەنووسی ئێرانی لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەوەی گلەیی لە وەچەی لاوی ئێرانی ئەو سەردەمە دەکا، دیمەنێک لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو ساڵانەش وێنا دەکا و دەنووسێ: « ئەو وەچەیە لە رۆژگارێکدا بێ ئەوەی شتێک لە بارەی «میرزا کوچک خان» بزانێ، کووچە و کۆڵانەکانی «هاوانا»ی دەناسی، هەموو یارانی کاسترۆی بەناوی بچووک بانگ دەکرد، خەبەری هەبوو کاسترۆ و چەگوارا لەسەر چی کێشەیان هەبووە، «کۆنگۆی» وەک ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی «موسی چومبە» بوو، هی «سپهبد زاهدی» نەبوو.»

هەمدیسان «بهنود» دەنووسێ: «کاسترۆ ئولگووی کۆمەڵگەی بێ ئۆلگوو بوو و دواتر دەرکەوت کە لەو کۆمەڵگەیەی قارەمانیشی هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت قارەمانانی نەتەوەیی بوو، لاوەکانی میسری هیچ وێنەیەکیان لە وێنەی «عبدالناصر» لەلا خۆشەویستتر نەبوو، مەگەر ئەو وێنەیە کە ناسر لەلای ئەو کوبایییە بالابەرزە راوەستابوو.»

با ئەو دانپێدانانە لە زمان «علی شریعتی» ئیدئولۆگی شۆڕشی ئیسلامییش ببیستین: «نەسلی خەباتگێر و رووناکبیری ئەو سەردەمە رووی لە مارکسیزم و ئێگزێستانسیالیزم کردوە و لە فیدێل کاسترۆ و لێنین و چەگوارا و وێت کونگ ئیلهامی وەرگرتوە».

لە بیرمان نەچێ کە ئەو کەشوهەوایە کاردانەوەی تەنیا بە «جیهانی سێهەم»ەوە نەبوو، ئەگەر «هۆشی مینە» چووە نێو گۆرانییەکی هونەرمەندی کورد «شوان پەروەر»، لە خۆپیشاندانەکانی «مانگی مەی ١٩٦٨»ی پاریسیش هاواری «هۆ» دەبیسترا و ئەگەر «مسعود بهنود» گازەندەی لە لاوانی ئیحساساتی هەیە، بۆ «ارنست همینگوای» و فەیلەسوف «ژان پل سارتر» کە خەڵاتی نۆبڵیان پێ بەخشرابوو، دەڵێ چی؟ خۆ ئەوانیش ستایشگری کاسترۆ بوون، با «فرانتس فانون و اریک هابزباوم»یش لەولا دانێین.

خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە کە هەر لەو ساڵانەدا رووی دا و شوێنەواری لەسەر ئەم کەشوهەوایە و گوتاری رادیکالیزم و شۆڕش دانا، کێشەی نێوان چین و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئەم کێشەیە کە بە بیانووی «ڕێڤیزیۆنیسمی مۆدێرن» خۆی لە هێنانەئارای تێزی «پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە» و رەخنەگرتن لە «ستالین» بەهۆی «خروشچوف»دا دەدۆزیەوە و لە دوای کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی

درێژە ل٨

ژمارە:٦٧٩ ● ڕۆژنامەی کوردستان

سیاسی

# کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا



عەلی بداغی

ڕەنگبێ هیچ چینو توێژێکی کۆمەڵگەی ئێران بە قەت چینی کرێکار دڵیان بە وادەو بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری خوش نەبووبێ. بەڵام ئەوان لە سێهەمین ساڵی سەرکۆماریی ڕووحانیدا لە کاتێکدا ڕۆژی کرێکاریان بەڕێکرد کە ئاسۆی دوارۆژیان پتر لە هەموو کاتێک لێڵو ناڕوونە.

ئەگەر خەڵک ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیاکانەوە باسی داخرانی کارگەو کارخانەکان دەبیستنو دەخوێننەوە، کرێکاران بە ئێسکو پێستەوە هەست بە ژانو کەسەری ئەو موسیبەتە تاڵە دەکەن. کار بۆ چینی کرێکار بە مانای ترووسکایی ژیانێکی کۆڵەمەرگییە و، بێکاری واتای ڕاوەستانی ژیانو کەوتن بە سەر نەهامەتییەکاندایە.

کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی کرێکاران لە ئێران نەبوونی ئەمنیەتی شوغڵیو مۆتەکەی لەدەستدانی کارەکانیان بەهۆی داخرانی کارگەو کارخانەو یەکە بەرهەمهێنەکانەوەیە.

«خانەی سەنعەت، سامانەکانو بازرگانی»ی ئێران دەڵێ لە ئێران تا ٦ ساڵ لەوە پێش نزیک بە ١٥٥ هەزار یەکەی بچووکی پیشەسازیی چالاک هەبوو کە لەم یەکە پیشەسازییانەدا نزیک بە ٤ میلیۆنو ٤٠٠ هەزار کەس کاریان دەکرد، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا سەدی ٤٥ی ئەم کارگەو کارخانە بچووکانە بە هۆی سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامییەوە داخران.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئێستا نزیک بە ٧٩ هەزار یەکەی پیشەسازیی بچووک لە کۆی ١٥٥ هەزار یەکەو کارگەی بچووکی ئێران داخراونو لەو سۆنگەیەوە ٢ میلیۆن کەسیش کارەکانیان لەدەست داوەو چوونە پاڵ حەشیمەتی بێکارانی ئێران.

لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ئەمساڵ لە تارانیش عەلیرەزا مەحجووب، سکرتێری گشتیی «خانەی کارگر» ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەسی دیکە لە کرێکاران ئەمنیەتی شوغڵییان نیە.

ئەم ئەندامە پلەبەرزەی فراکسیۆنی کرێکاریی مەجلیس نەیشاردەوە کە لە داهاتوودا زیاتر لە یەک میلیۆن کەسی دیکەش دەکەونە پاڵ ئەم ئامارە.

لە کرێکارانی بەشە سەنعەتییەکان بترازێ لە ئێران زۆرترین بەشی کرێکاران ئەوانەن کە لە کەرتی بیناسازیو خانووبەرەدا کار دەکەن. هەواڵەکان لەو پێوەندییەشدا دڵتەزینن، چونکی دەڵێن سەدی ٦٠ی کرێکارانی خانووبەرە لە ئێران بێکارن.

چالاکانی کرێکاری دەڵێن کرێکارەکانی بەشەکانی دیکە، بۆ نموونە کرێکارانی بەشی سەنعەتو کارخانەکان کاتێک کارەکانیان لە دەست دەدەن ڕوو دەکەنە کرێکاری لە بەشەکانی وەک کشتوکاڵ یان بیناسازیدا، بەڵام کرێکارانی بیناسازی کاتێک بێکار دەبن ئیدی جێیەک شک نابەن کاری تێدا بکەن.

ئیمزاکردنی گرێبەستی کاتیی کار، یان ئیمزای سپیو بێبەشی لە مافی بیمە کێشەیەکی دیکەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێرانە.



عەلی ڕەبیعی، وەزیری کاری دەوڵەتی ڕووحانییش بەهاری ساڵی ڕابردوو و لە ڕۆژی جیهانیی کاردا بەڵێنی دا کە دەوڵەت هەموو کرێکارەکانی بیناسازی بیمە بکا، بەڵام نەک ئەو وادەیە جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو چەند مانگ دواتر محەممەد حەسەنی زەدا، جێگری ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی بوودجەی پێویست بۆ بیمەی کرێکارانی بیناسازی دابین نەکراوە، بەڵکوو بیمەی ١٤ هەزارو ٢٦٣ کرێکاری بیناسازییشیان لێ بڕیون. ئەویش لە حاڵێکدا کە کانوونی ئەنجومەنە سینفییەکانی کرێکارانی بیناسازی لە ئێران دەڵێ کە زیاتر لە یەک میلیۆن کرێکاری خانووبەرە لە ئێران هیچ جۆرە بیمەیەکیان نیە و لە هەموو ماف و ئیمکاناتو کارئاسانییەک بێبەشن.

بێجگە لە ئەمنیەتی کاری ، بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە دۆخی ژیانی کرێکاران کەمیی حەقدەستی کرێکارانە. وەزارەتی کار لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ئەمساڵی ٨١٢ هەزار تمەن دیاری کردوە، ئەویش لە حالێکدا کە بەپێی بەراوردی ناوەندی ئامار هێڵی هەژاری لە شارە گەورەکان نیزیک دوو میلیۆن تمەنو لە شارە چووکەکان سەرووی میلیونێکو ٤٠٠ هەزار تمەنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە زیاتر لە نیوەی کرێکاران لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکاریشدا وەزارەتی تەعاون، کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەقدەستو تێچووی بنەماڵەی کرێکاران بڵاو کردەوە کە نیشاندەری فرەوانیی قەڵشتی نێوان داهاتو ژیانی ژێر هێڵی هەژاریی زیاتر لە نیوەی کرێکارانە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە داهاتی نیوەی یەکەمی بنەماڵە کرێکارییەکان لە ئێران کەمتر لە لانیکەمی ئەو هەقدەستەیە کە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە. ئەو قەڵشتەی نێوان داهاتو تێچووی ژیانی کرێکارانیش بۆتە هۆی ئەوەی ئەوان بەدوای کاری دووهەمدا بگەڕێن. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان سەدی ٦٠ی کرێکارانی ئێرانی بۆ دابینکردنی تێچووی ژیان جگە لە پەنابردن بۆ شوغڵی دووهەم هیچ چارەیەکیان نیە.

ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراوی سینفیی سەربەخۆ و ئازاد کێشەو داوایەکی دیکەی کرێکارانە.

کرێکاران لە ئێران لە سەر ویستو داخوازی خۆیان ناتوانن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی خۆیان هەبێ، ناڕەزایەتیو داوا سینفییەکانی ئەوان بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی نیزام لێک دەدرێتەوەو هەر بۆیەش دەبینین لە زیندانەکانی وڵاتدا کەم نین ئەو چالاکە کرێکارییانە کە لەسەر داوای سینفیی خۆیان قورسترین حوکم و درێژماوەترین سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

پاش هەموو ئەوانە ئەمجار نۆرە دێتە سەر ئەمنیەتی گیانیی کرێکاران لە شوێنی کارو کاتی کارکردندا.

پزیشکیی قانوونیی ئێران دەڵێ ڕۆژانە ٥ کەس لە ئێران بە هۆی ڕووداوی کار گیانیان لە دەست دەدەن. لە ساڵی ڕابردووشدا ١٤٩٤ کەس گیانیان لەدەست داوەو لە ماوەی یەک مانگو نیوی سەرەتای ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٨٠ کرێکار بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان داناوە.

بۆیە زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین بە سەرنجدان بەو دۆخە ئەمڕۆکە کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا ڕۆژ و شەو دەکاتەوە، ڕۆژ و شەوێک کە بۆ ئەو ماناکەی جیاوازە، ئەو کار ناکا بۆوەی بژی، بەڵکوو دەژی بۆ ئەوەی کار بکا، ئەویش ئەگەر دەستی کەوێو شەرمەزاری ماڵو منداڵی نەبێ.

---

دریژەی

# نەسلێکی عەمەلگەرا و لەخۆبردوو

## (بە بۆنەی ساڵرۆژی شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی)

یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکردبوو، گەیشتە لوتکە و سەرئەنجام کەرتبوونی کەمپی سۆسیالیستی و دیاردەیەک بە ناوی «مائۆئیزمی» لێکەوتەوە. شوێنکەوتووانی «مائۆئیزم بە تایبەتی لە «جیهانی سێهەم» شۆڕشی چین و ئەزموونەکانەکانی خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چین بە ڕێبەریی «مائۆ»یان دەکرد بە ئۆلگووی خەبات و پەیڕەوییان لێدەکرد کە بریتی بوو لە پشت بەستن بە هێزی جووتیاران و دروستکردنی پێگەی چریکی لە لادێ و گەمارۆی شارەکان بەهۆی گوندەکان و شەڕی درێژخایەنی پارتیزانیدا، ئۆلگویەک کە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ لە بڵاوکراوەی «تیشک»دا کە زمانحالی ئەو بزووتنەوەیە بوو، پروپاگەندەیان بۆ دەکرد.

«کورش لاشایی» لە ڕێبەرانی «سازمان انقلابی حزب توده» کە لە ژێر کارتێکەریی مائۆئیزمدا لە حیزبی توودە جیا بوونەوە و چەند مانگێک لەگەڵ پێشمەرگەکان (سمایل شەریفزادە، حەمەدەمینی سیراجی و عەبدوڵڵای موعینی) لە ناوچەدا گەڕابوو دەنووسێ: «مارکسیزمی چینی بەلایانەوە مەنتقیتر بوو تا مارکسیزمی چەشنی ڕووسی» ئەو ڕۆژەی لە کوردستانەوە دەگەڕامەوە «عەبدوڵڵای موعینی» پێی گوتم: کاتێک گەڕایەوە هەرکام لە ئێمە دەسرۆکەیەکی سوور لە مل و کتێبێکی سوور لە دەست، شۆڕش هەڵدایسێنین (مەبەست کتێبی سووری مائۆیە).

بەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا کە گوتاری ڕادیکالیزم و شۆڕش بە تایبەتی لە جیهانی سێهەمدا باوە و لە ئێران هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی قانوونی و هێمنانە نەماوە و سەرەرۆیەکی توندوتیژ فەرمانڕەوایە، وەچەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی کە بەشێکیان خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەدیتەوە، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی حەمەرەزا شا، خەباتی چەکدارانەیە. «علی اصغرحاج سید جوادی» ساڵی ١٣٤٦ دەنووسێ: «ڕووحی زەمانە هیچ ڕێگەیەکی بۆ خەڵک نەهێشتۆتەوە جگە لەوە کە مافی خۆی لە جەنگەڵدا وەدەست بێنێ تاوەکوو لە پەرلەمان».

ئەم قەناعەتە لە نامەیەکی «سمایلی شەریفزادە»دا ڕوونتر و پێداگرانەتر جەختی لەسەر دەکرێ: «ئەمڕۆ توفانێکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتووە، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخ کەوتنە. ڕێگەی ڕزگاریی هەموو نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵاتی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارێزانی کە لە پێشدا دەبێ لە دێهاتەوە دەستپێبکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتیارە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە».

ئەم وەچە نوێیە کە لە سەرەتای دەیەی ٤٠ بەو مەبەستە هاتە مەیدان و ئامادە بوو لەگەڵ نیزامی پادشایەتی شەڕ ڕابگەیەنێ لە سفرەوە دەستی پێکرد، بێ ئیمکانات بوو، بێ ئەزموون بوو و تەنیا ورە و ئازایەتیی شک دەبرد و لەسەر پێیخۆڕاوەستان [٢]. هەر بۆیە دەبینین دەیان هەستەو گرووپی مارکسیستی و تەنانەت چەند تاقمێکی ئیسلامییش دامەزران کە بەرنامەی خەباتی چەکدارانە و تەبلیغ و پشتیوانی لەو خەباتەیان هەبوو. بەڵام زۆربەی ئەو گرووپ و هەستانە تا کۆتایی دەیەی ٤٠ واتە تا ساڵی ١٣٤٩ کە ڕووداوی (سیاهکل) ڕووی دا نەیانتوانیبوو کارێکی جیددی بکەن و لەلایەن ساواکەوە کەوتنە بەر پەلامار و ئەندامەکانیان گیران و زیندانی کران [٣].

بەڵام لە کوردستان ڕەوتی ڕووداوەکان جۆرێکی دیکە بوو، ئەو وەچە نوێ و خوێنگەرمە کە لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ٤٢-٣٩دا بەشدار ببوون و لە ژێر کاریگەریی گوتاری شۆڕش و ڕادیکالیزمدا بوون و بەتایبەتی لەگەڵ گەرمبوونی خەبات و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، بۆ پیادەکردنی ئەزموونەکانی شۆڕشی چین لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرە بە ئەزموونەکانی حیزب لە باشووری کوردستان ڕوویان لە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و مەشخەڵی ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان هەڵایساند و دوڕگەی ئارامی حەمەڕەزا شایان کە تازە پاش ٢٦ ساڵ هەستی بە دڵنیایی و ئاسایش دەکرد و «تاجگذاری»ی کردبوو، شڵەژاندو بەم جۆرە کوردستانیش تێکەڵ بەو ڕووحە خەباتگێڕییە بوو کە لە «پاریس»، «پراگ»، «هاوانا»، «هانۆی»، «ئەلجەزیرە» و «غانا» لەو سەردەمانە لە هەڵچوون و کەفوکوڵدا بوو.[٤]

*****

**پەراوێزەکان:**

(١) حەمەدەمینی سیراجی یەکێک لە ڕێبەرانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بوو و لەڕاستیدا تەنیا ئەندامی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە بوو کە بە سەلامەت دەرچوو. ئەو دەیتوانی زانیاریی بە نرخ بە دەستەوە بدا، بەڵام ئەویش لەم بارەیەوە هیچی لە پاش بەجێ نەما.

(٢) زۆر جار بیستراوە کە دەڵێن: «تەنیا چیاکان دۆستی کوردانن». ئەم وتەیە بۆ بزووتنەوەی (٤٧-٤٦) هیچ کات ئەوەندە لە جێی خۆیدا و لە ڕاستی نزیک نەبووە.

(٣) دوو ڕێکخراوی «چریکهای فدایی خلق» و «سازمان مجاهدین خلق» کە خەباتی چەکدارانەیان لە دژی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا بەڕێوە دەبرد لە نیوەی یەکەمی دەیەی ٥٠ی هەتاویدا بە چالاکیی خۆیان ڕێژیمیان هەراسان کردبوو.

(٤) ئەم وتارە تەنیا تەرخان کرابوو بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی بەستێن و ئەو فاکتەرانە کە کاریگەریان لەسەر شکڵگرتنی ئەم بزووتنەوەیە هەبوو. بێگومان ڕەهەندەکانی دیکەی وەک کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر کوردستان و ئێران، دەستکەوتەکان، کەم و کوڕی و هۆکارەکانی شکستهێنانی پێویستییان بە بابەت و لێکۆڵینەوەی دیکە هەیە.

(٥) سەرچاوەکانی ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا پارێزراون.

# راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەڕێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٥)

### دۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان

#### باشووری کوردستان

دۆخی ئەمڕۆ و چارەنووسی ئاییندەی باشووری کوردستان نەک تەنیا لەڕووی هاوپێوەندیی نەتەوەییەوە، بەڵکوو هەروەها بەهۆی پێوەندی و کارتێکەریی قووڵتر و نزیکتری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بۆ ئێمە گرینگە. هەرلەو کاتەدا هەڵسەنگاندنی ئێستا و داهاتووی باشووری کوردستان لە زۆر بارەوە ئەزموونێکی بەرفرەوان و دەوڵەمەندی تێدایە کە بۆ ئێستا و داهاتووی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زۆر بە کەڵکە.

باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق هەم لەڕووی سەقامگیریی ئەمنی و ئاسایشەوە و هەم لە ڕووی ئاوەدانبوونەوە و گەشەی ئابوورییەوە (بەتایبەتی پاش گرتنەبەری سیاسەتی نیمچە سەربەخۆی نەوتی) لە بارودۆخێکی زۆر باشتردا بووە. لەلایەکی دیکەوە، کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە و پێوەندیی دەرەوەی ئەو هەرێمە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ئەمڕۆ چۆتە نێو فازێکی پێشکەوتووتر لە جاران. لەڕووی سەربازییشەوە، ئەزموونی شەڕی داعش دەری‌خست کە کوردەکان نەک هەر دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و لە هەرێمەکەیان بکەن، بەڵکوو کاریگەرترین پارتنێری مەیدانیی هاوپەیمانەتیی نێودەوڵەتییش بن. دیارە کەموکوڕییەکانی بواری حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و قووڵبوونەوەی کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و قانوونی لەنێوان حیزبە سەرەکییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا و ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئەوان لەپێناو دروستکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی نەتەوەییدا داناوە.

لە ئاستی عێراقدا، پڕۆژەی فیدراڵی کە لەڕاستیدا لە سەر تەوافوقی دوو لایەنی کورد و عەرەب دامەزرابوو، ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ کەند و کۆسپ ڕووبەڕوو بۆتەوە و لەسەر هێندێک فایلی گرینگ و هەستیاری وەک نەوت و پێشمەرگە و پێوەندیی دەرەوە و سنووری کوردستان ناکۆکییەکان هەروا بەردەوام بوون. ئەمڕۆ ئاییندەی پڕۆژەی فیدراڵی لە عێراقێکدا کە بنەماکانی ڕێککەوتنی نیشتمانی لە جارانیش لاوازتر بوون و ئیدارەی وڵات چۆتە دۆخی دەوڵەتی شکستخواردو و لەژێر پرسیاردایە. ئەزموونی فیدراڵیخوازیی باشووری کوردستان ئەویش لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە تەنیا لە دوو نەتەوەی سەرەکی واتە کورد و عەرەب پێکهاتوە بۆ ئێمە لە ئێرانی داهاتوودا کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و زۆر لە عیراق ئاڵۆزترە، جێگەی سەرنج و لێورد بوونەوەیە.

شتێک کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی تایبەتیی پێبکەین ئەوەیە کە جێگە و پێگەی باشووری کوردستان بووهتە هۆی ئەوە کە هەم کوردی پارچەکانی دیکە چاوەڕوانییهکی زۆریان لە سیاسەت و کارکردی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبێ و هەم هەرێمی کوردستانیش هێندێک چاوەڕوانیی لە پێوەندی لەگەڵ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە کوردی پارچەکانی دیکە و یەک لەوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. ئەو چاوەڕوانییانە لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرن کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە. بەو پێیە دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندی و مامەڵەی لەگەڵ دراوسێکانیدا لەسەر بنەمای نەخشەڕێگایەکی تەواو نەتەوەیی دابڕێژێ، یان بە دیوەکەی ئەولادا، دەبێ کوردی پارچەکانی دیکە هەموو کار و بەرنامەیەکی خەباتیان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان ڕێک بخەن. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ‌کرد، ئێمە خوێندنەوەی جیاوازی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان (بەتایبەتی باشووری کوردستان کە خاوەنی قەوارەی فەرمیی خۆیەتی) لە نێوەرۆکی بەرژەوەندیەکانی و شێوەی بردنەپێشی مەسەلەکەی و ئاقاری پێوەندییەکانی بە شتێکی سروشتی دەزانین. تەنانەت بە دەرککردنی هەلومەرجی ئەمڕۆی پێوەندی و بەرژەوەندیەکانی حکوومەت و لایەنەکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوە کە ڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی دەقاودەق وەک ئەوەی ئێمە بێ، بە شتێکی مەنتقی و واقعبینانە نازانین. هەر لەوکاتەدا وەک هەمیشە گوتوومانە، پێوەندی و بردنەپێشی پرسی هیچ پارچەیەکی کوردستان نابێ لەسەر حیساب و بە قیمەتی خەواندنی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تەواو بێ. زەروورەت و ریساڵەتی یەکیەتی و ڕووحی نەتەوەیی کورد و تەنانەت بەرژەوەندیی جێگە و پێگەی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێ کە بەرپرسانی ئەم پارچەیەی کوردستانیش بە چاوی حورمەتەوە بڕواننە ڕابردووی پڕشنگداری کوردەکانی ڕۆژهەڵات چ لەبواری خەبات و فیداکاری بۆمافە ڕەواکانی خۆیان و چ لەبواری هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە گوتار و سیاسەتیاندا پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەکەی نادیدە نەگرن.

ئەزموونی شەڕی داعش تاقیکردنەوەیەکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپانە بوو. حیزبی ئێمە هەرپاش دزەکردنی داعش بۆ عێراق و وەسەریەک کەوتنەوەی ناوچە کوردستانییەکان لە مانگی ژووئەنی ٢٠١٤ دا خوێندنەوەی خۆی لە بارودۆخەکە خستە ڕوو و کاتێکیش بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکان کەوتنە دەست داعش، حیزبی ئێمە دەسبەجێ ئامادەیی خۆی بۆ گەیاندنی هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ داکۆکی‌کردن لە خاک و حاکمییەتی کورد بە بیروڕای گشتی و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی ئێمە تەنانەت چەند یەکەیەک لە هێزەکانی خۆی بە مەبەستی ڕەوانەکردن بۆ بەرەکانی شەڕی داعش سازمان دا. بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە هەم پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان و پێویستیی خۆبواردنی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە دەستێوەردان و بڕیاردان لەجیاتی پارچەیەکی دیکە و هەم بارودۆخێکی هەستیار و تایبەتی کە هەرێمی کوردستانی تێدایە ئەوە دەخوازێ کە حیزبی ئێمە تەنیا بەشێوەی ڕواڵەتی و سەمبولیک و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی یارمەتیدانێکی نیزامیی ڕاستەقینە هێزەکانی خۆی نەجووڵێنێ. شتێک کە پێش لەوە ناگرێ کە هەر کاتێک بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێویستییە نیزامییەکانی خۆیان بە گەورەتر لە تێبینییە سیاسییە ئیقلیمییەکان ببینن، هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمودەست بچنە نێو سەنگەری بەرگری لە هەرێمی کوردستان.

ئێمە هەر بەو دیدەوە ڕوانیومانەتە بەهاناوە هاتن و پشتیوانیی هێزەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان. ئامادەیی دەربڕینی هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر پەلاماری داعش‌و بەرگرییان لە خاک‌و خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بەشداریی بە کردەوەی هێندێک لایەن لە بەرگری لە خەڵکی دەڤەری شەنگال، هەڵوێستێکی جێگای ڕێزو پێزانین بوو. هەروا کە چوونی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بە هانای خەڵکی کۆبانێ‌و شەڕڤانانی خۆرئاوای کوردستانەوە، بە هەنگاوێکی بەرز نرخێندراوە. بەڵام ئەم جۆرە بەدەنگەوە هاتنانەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان‌و چوونیان بۆ پشتیوانی‌و بەرگری لە خەڵکی بەشێکی دیکە، ئەو کاتانە دروستن‌و بایەخی مێژوویی‌و سیاسیی خۆیان هەیە کە تەنیا بۆ پشتیوانیکردنی گەلی کورد لەو بەشەو بەدوور لە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو بەشە یان دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی ئەو بەشە بە هەر ناوێک و بۆ هەر مەبەستێک بێ.

#### باکووری کوردستان

لەدوای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیەوە تاکوو دەساڵ پێش ئێستا کێشەی کورد لەو وڵاتە تەنیا بە چاوی کەمالیزم و شۆڤێنیزمی تورک سەیری کراوە و مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بەڵام لەدوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئاکپارتی خوێندنەوەیەکی نوێ لە چارەسەری ئەو پرسە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا هاتە گۆڕێ و بوونی کورد لەو وڵاتە دانی پێدانرا. ئەو خوێندنەوەیە هەم هۆی ئیدئۆلۆژیی هەبوو کە بریتییە لەوە کە ڕوانینی ئاکپارتی بۆ کۆمەڵگەی تورکیە و بنەماکانی دەسەڵاتداری لەگەڵ کەمالیزم و پان‌تورکیزم جیاوازیی هەیە، هەم هۆی سیاسی هەیە چونکە ئاکپارتی بۆ مانەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتداریی خۆی دەنگی کوردەکانی پێویستە. پرۆژەی ئاشتی و دانوستاندن لەگەڵ ئیمراڵییش بە مەبەستی چەکدانان لەلایەن پەکەکەوە بەشێک لەو نەخشەڕێگایە بوو کە دەیتوانی ببێتە سەرفەسڵی ژیانی سیاسی و مەدەنی لە کۆمەڵگەی شەڕلێدراوی باکووری کوردستان و تورکیەدا بەگشتی.

بەدەر لەوە کە نیەت و ماهیەتی هەنگاوەکانی ئەردۆغان و ئاکپارتی لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە تورکیەدا دەبێ چۆنی قەزاوەت لەسەر بکرێ، ئەوە کە لە مانگەکانی دوایی‌دا بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە باکووری کوردستان بەستێنێک کە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانە و دیالۆگ لەسەر ئەو پرسە پێکهاتبوو بۆ ئاییندەیەکی نادیار لەنێو چووە، جێگای داخە. لەڕاستیدا سەرکەوتنی پرۆسەیەکی وەها لە لایەنی کوردییەوە بەبێ هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی دروست لەنێوان پەکەکە و هەدەپە وەک دوو ئەکتەری سەرەکیی ئەو مەیدانە و لەوەش زیاتر شەخسیەت‌دان و دەرفەت‌بەخشین بە خۆسەلماندن و چوونەپێشی دووەمیان مەرجی سەرەکیی دەستەبەرکردنی گوتار و نەخشەڕێگای هاوبەشی کوردە لەو پرۆسەیەدا. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێ کە دەوڵەتی تورکیە تەنیا لایەنی پێوەندیدار بەو پرسە نیە و زۆر لایەنی دیکەش بەتایبەتی لەنێو دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا هەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵ دەدەن بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەو ڕەوتە دروست بکەن.

حیزبی ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە کورد و تورک وەک دوو نەتەوە دەبێ یەکتر قبووڵ بکەن و پێویستە نەتەوەی تورک هەموو ئەو مافانەکە بۆخۆی هەنی بۆ کوردیش بهڕهوا بزانێ. ئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنی دوایی تورکیە بەستێن و دەرفەتێکی باشی بۆ گواستنەوەی هەرچی زیاتری پرسی کورد لە تورکیە لە خانەی ئەمنیەتییەوە بۆ مەیدانی مەدەنی و قانوونی پێکهێنا و جێی خۆی بوو هەموو شانسی خۆی پێ بدرێ. ئێمە هیوادار بووین کە ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەر لە هەمووان هاندەری حیزبی دادوگەشە پێدان بۆ چارەسەری ئاشتییانەو دادپەروەرانەی پرسی کورد لەو وڵاتە بێ. چاوەڕوانی‌و هیوای ئێمە ئەوە بوو کە لایەنە کوردییەکان و هێزەکانی دیکەش لەنێو پارلمان‌و لەنێو کۆمەڵگەدا، دەست بدەنە دەستی یەکتر بۆ بنیاتنانەوەی تورکیەیەکی نوێ، تورکیەیەک کە لەودا هەموو پێکهاتەکان هەست بە هاوبەشی و ڕیزلێگیران‌و دابین‌بوونی مافەکانیان بکەن. ئەمە هەم تەبایی‌و سەقامگیربوونی لە نێوخۆی تورکیە پێک دێنا و هەم جێگە و پێگە و ڕێز و ڕۆڵی تورکیەی لە ناوچەدا بەرەژوور دەبرد.

ئەزموونی شەڕی دەیان ساڵە دەری‌خستوە کە شەڕ و توندوتیژی لەدژی یەکتر نەک تەنیا کێشەکە چارەسەر ناکا، بەڵکوو هەردوو لا زەرەر و زیانی لێدەکەن. حیزبی ئێمە لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکانی پرسی کورد لە تورکیەدا هەمیشە هەوڵی داوە یارمەتیدەری سەرخستنی زمان و فەرهەنگی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بێ و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە پێویستە دەرفەتێکی هەرچەند کەم و سنوورداریش بۆ چارەسەری بەئاشتی و سیاسییانە بەسەر شەڕ و شۆڕ و ڕێگاچارەی نیزامیدا تەرجیح بدرێ.

#### ڕۆژئاوای کوردستان

ڕابردوو و سروشتی خەباتی کورد لە سووریە و پرسی کورد لەو وڵاتە جیاوازیی بەرچاوی لەگەڵ پارچەکانی دیکە پێوە دیارە. لەلایەک سیاسەتی دێمۆگرافیی ڕێژیمی ئەسەد دەرهەق بە کورد و ئەو پێناسەیەی کە لەوێ لە کورد دەکرا و ببووە هۆی بێبەشبوونی کوردەکان تەنانەت لە مافی هاونیشتمانبوونی سووریە دەرفەتی جووڵە و گەشەی سیاسی لە کوردەکانی ڕۆژئاوا زۆر بەرتەسک کردبۆوە. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی کارتێکەری و هێژێمۆنیی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان بەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوادا، ئەوان نەیانتوانیبوو ببنە خاوەنی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بەو شێوەیە کە لە پارچەکانی دیکەدا باو بووە. دۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان کە بەدوای لاوازبوونی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا پێکهاتوە، دەرفەتێکی بێوێنەی بۆ کورد لە سووریە پێکهێناوە. بەهۆی هێرشی داعش و بەرگری و بەرخۆدانی کورد بەتایبەتی لە کۆبانێ (پاییزی ٢٠١٤) کوردی ڕۆژئاوا هەم وردە وردە چۆتە نێو فاکتەری کوردی لەسەر نەخشەی ڕووبەڕوو بوونەوەی جیهانی لەگەڵ تێرۆریزم و هەم بەهۆی نیشاندانی سیمایەکی جوان بە جیهانی دەرەوە (بەتایبەتی لە سۆنگەی بەشداریی ژنان لەو بەرگری و بەرخۆدانەدا) سەرنج و سەمپاتیی جیهان بۆ کورد زیادی کرد. هەرلەوکاتەدا لەبەر ئەوەی سووریە بۆتە گۆڕەپانی شەڕێکی هەمەلایەنەی نێوخۆیی و کێبەرکێی دەسەڵاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و ئاڵترناتیڤێکی ڕێژیمی ئەسەدیش کە مافەکانی کورد بخوێنێتەوە تۆکمە نەبۆتەوە، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی کوردی ڕۆژئاوا هێشتا مەترسی و هەڕەشەی لەسەرە و داهاتوو و ستاتووسی کانتۆنەکان ناڕوونە. لە هەرحاڵدا سەرەڕای ناکۆکی و یەکنەگرتنی لایەنەکانی کورد لە ڕۆژئاوا، هەر ڕێگاچارەیەک و نەخشەڕێگایەک کە بۆ ئاییندەی سووریە بڕیاری لەسەر بدرێ، نابێ کورد لە پەراوێز بخا.

لەبەرئەوەی کوردستانی سووریە و کوردستانی ئێران هاوسنوور نین، پێوەندیی ڕاستەوخۆ و مەیدانیی ئێمە لەگەڵ ئەو بەشە لە کوردستان تا ڕادەیەک لاوازە. بەڵام دیسانیش حیزبی ئێمە بە ئەرکی نەتەوەیی خۆی زانیوە کە چەندی بۆی بکرێ یاریدەدەری یەکڕیزی و تەبایی لەنێوان حیزبەکانی ئەو پارچەیەدا بێ و لەئاستی دەرەوەشدا تێکۆشاوین بەپێی توانا پاڵپشتی بۆ دۆزی کورد لە سووریە ڕابکێشین.

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

# بارودۆخی نالەبارو شپرزەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران لە زمان کەریم لاهیجیەوە

سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ دەڵێ کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی دەوڵەت لە ئێران لەبابەت چاوەدێریی پزیشکیو بێهداشتیی شیاو بۆ زیندانیانیی سیاسیی نەخۆشو بێبەشکردنی ئەم زیندانییانە لە زۆربەی مافەکانیان، ڕێک بەپێی سیاسەتەکانیان بۆ سەرکوتی جیابیرانەو ڕاست بە مەبەستو سیستماتیک ئەم کارانە دەکەن.

عەبدولکەریم لاهیجی، لە نامەیەکدا بۆ زەید ڕەعد ئەلحوسێن، کۆمیسێری بەرزی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێشکێشکردنی ڕاپۆرتێکی دڵتەزێن لە بابەت بارودۆخی تەندرووستیی ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسیو عەقیدەتی لە زیندانەکانی ئێران، خوازیاری دەستڕاگەیشتنی بەپەلەی هەموو زیندانیان بە ئیمکاناتی پزیشکیو بێهداشتیی باشو گونجاو بوو.

لاهیجی لەم نامەیەدا کە بۆ کۆمیسێری مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناردوە، پێداگری کردەوە کە زۆربەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران ناقانوونیو بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە بەند کراون.

سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لەم ڕاپۆرتە هەژێنەرەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەوە تاوانبار کردوە کە لە دابینکردنی ئیمکاناتو هەلی دەستڕاگەیشتنی زیندانیانی عەقیدەتی بە چارەسەری باشو ڕێکوپێکی پزیشکی خۆ دەبوێرن.

ئەم ڕاپۆرتە باسی لە مردنی لانیکەم ٥٠ زیندانیی سیاسیی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم لاوە لە زیندانەکانی ئێراندا کردوە کە لە بارودۆخێکی نائاسایی‌داو بە هۆکاری جۆراوجۆر لە زیندان‌دا گیانیان لە دەست داوە.



ئەم ڕاپۆرتە هەروەها باسی لە بارودۆخی دڵتەزێنی تووشبوون بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵێکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی کردووە و بۆ نموونە ئاماژەی بە ناوی کەسانێکی وەک نەرگس محەممەدی، زێنەب جەلالیان، بەهارە هیدایەت، عەبدولفەتاح سوڵتانی، محممەدسەدیق کەبوودوەند، بێهنام ئەمیرزادە و ئومید کەوکەبی فیزیکناسی لاوی بەندکراوو کۆمەڵێکی زۆر لە زیندانییە سیاسییەکانی دیکە کردوە کە لە بواری جەستەییەوە لە دۆخێکی یەکجار نالەباردان، بەڵام بەم حاڵەش بەرپرسانی زیندان بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو و نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن.

# قووڵایی گەندەڵیی حکوومەتی لە زاری ئەحمەد تەوەکولی



ئەحمەد تەوەکولی نوێنەری تاران لە مەجلیس چەند گۆشەیەک لە گەندەڵیی هەسارپچڕاوی لە ئێران لە قاودا.

تەوەکولی گوتی: لە حاڵی حازردا ئەم وڵاتە گەیشتۆتە قۆناغێک کە دامودەزگاکانی بەرپرسیار لە بابەت لێپرسینەوە لە گەندەڵیش بۆخۆیان لە گەندەڵی گلاون.

ناوبراو لە بابەت تێوەگلانی سەرتاپای ئەم نیزامە لە گەندەڵیی حکوومەتی گوتی: بەداخەوە ئاستی گەندەڵییەکان یەکجار زۆرن، ئەم گەندەڵییانە بە شێوەی سیستماتیکو ڕایەڵەیی کراونو کاربەدەستان لە مێژ ساڵە بە ژیانی سادەو ساکار ڕازی نینو خۆی لێ دەبوێرن. کاتێکیش کاربەدەستان بیانەوێ لەو پەڕی ئاسوودەییدا بژین ئەوا خەڵکەکە چارەڕەش دەکەن. ناوبراو گوتی لە حاڵی حازردا گەندەڵیو بەرتیلخۆری بڕستی لە خەڵکی ئەم وڵاتە بڕیوە.

ئەم نوێنەرەی مەجلیس لە بابەت دادگا فەرمایشییەکانی دەسەڵاتو نەبوونی شێلگیریو ئیرادەیەکی لێبڕاو لە دادگاکان بۆ لێپرسینەوە، دەڵێ دادگاکان بە بیانووی ئەوەی کە نایانەوێ ئابڕووی ڕێژیم بەرن، بەم پەروەندانە ڕاناگەنو هەروەها بە پێدانی بەرتیل بە ڕاگەیەنەکان نەیانهێشتووە ئەوانیش لێیان لە هەڵلا بدەن.

ناوبراو لە بابەت پەرەسەندنی گەندەڵی لە نێو دەسەڵات‌دا گوتی: کەسێک کە باشترین ماڵو ژیانو زۆرترین مووچەی هەبێ ئەوەندە بەرچاوتەنگ دەبێ کە هەموو بەیتولماڵ وەک گایەک بە خڕی قووت دەدا.

تەوەکولی بۆ نموونە باسی لەوە کردوە کە یەکێک لە وەزیرەکان دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی بەخۆیو بە کچ و بە زاواکانی زیاتر لە ١٤ کارخانەیان هەیە

# بێکاریی٢میلیۆنو٥٠٠هەزار ژنی سەرپەرستی ماڵو داواکاری کار لە ئێران

نەبوونی ئەمنیەتی شوغڵی بە سەرەکیترین گیروگرفتەکانی ژنانی کرێکار لە ئێران دادەنرێ.

سۆهەیلا جێلەودارزادە، ئەندامی پێشووی مەجلیس وێڕای ئاماژە بە نەبوونی ئەمنیەتی شوغڵی وەک سەرەکیترین نیگەرانیی ژنانی کرێکار لە ئێران گوتی، زیاتر لە ٢ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار ژن لە ئاستی ئێران‌دا بەدوای کاردا دەگەڕێن.




ناوبراو گوتی پاش تێپەڕینی ٣٦ ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا هێشتا ژنانی ئەم وڵاتە ئەوەیان بۆ یەکلا نەکراوەتەوە کە ئاخۆ دەبێ کار بکەن یان نا؟ ئەو دەڵێ زۆربەی ژنانی کرێکار لە بونگاکانی ئابووریو بەرهەمهێنان‌دا گرێبەستی کارییان نییە و ئەگەر هەشبێ بۆ ماوەی ١ تا ٣ مانگە.

سۆهەیلا جێلەودارزادە لە هاوینی ساڵی ڕابردووش‌دا لە وتووێژێکدا گوتبووی بەپێی ئامارەکان تا چەند ساڵ لەوە پێش نزیک بە ٣٠٠ هەزار کرێکاری ژن لە ژێر چاودێریی بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیدا بوونو کاریان دەکرد بەڵام ئێستا ژمارەی ئەم ژنانە بۆ ١٠٠ هەزار کەس دابەزیوە.

ئەم ئەندامەی پێشووی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کرێکارانو جیاوازیی مووچەی کرێکارانی ژنو پیاو لە کارخانەکان گوتی لە زۆربەی کاتەکاندا ژنان یەک لە سێ لانیکەمی حەقدەستی دیاریکراو لە قانوونی کاریان پێ نادرێ.

شەهێندوخت مەولاوێردی، جێگری حەسەن ڕۆحانی بۆ کاروباری ژنانو خێزانیش نرخی بێکاریی ژنانی خوێندەواری زانکۆ لە ئاستی ئێرانی زیاتر لە سەدی ٤٠ ڕاگەیاندوە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانیش نرخی بەشداریی ژنان لە ئابووریی وڵات‌دا نزیک بە سەدی ١٥ و نرخی بێکاریی ئەوان نزیک بە ٣ هیندەی پیاوانە.

کورووش پەرەند، جێگری وەزیری کاری دەوڵەتیش پێی لەوە ناوە کە بێکاری لە نێو ژنانی دەرچووی زانکۆدا نزیک ٣هیندەی پیاوانەو لە هەر ٣ ژنی دەرچووی زانکۆ یەکیان بێکارە.

# نیگەرانیی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی.

لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە پاش هاتنەسەر کاری حەسەن ڕۆحانیش چالاکیی ڕاگەیەنەکان زۆر لە جاران بەرتەسکتر کراونەتەوە. ڕۆژنامەنووسان، وێبلاگنووسانو پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە بەردەوامی دەسبەسەر دەکرێن. ژنان مافو پوانی یەکسانیان وەک پیاوان نییەو هەروەها ڕووبەڕووی هەڵاواردن بوونەتەوە. لە لایەکی دیکەش



هەڵاواردن لە نێوان کەمینە نەتەوەییو مەزهەبییەکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕمێنی هەیە.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا نووسیویەتی کە ئێمە پشتیوانی لە درێژکردنەوەی مەئمووریيەتی ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران دەکەین.

# داخرانی ٢٠ دوکانو شوێنی کاسبیی دیکەی خەڵکی بەهایی لە ئێران

دووکانو یەکەی سینفیی دیکەی خەڵکی بەهایی لە شارەکانی بابۆلسەر، فرەیدوون کەنار، بابۆل، قائیم‌شار، ساری و ڕامسەر داخران.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی بانەمەڕ کۆمەڵێک دوکاندارو بازاڕیی بەهایی بەهۆی جێژنێکی ئایینیی خۆیان دووکانەکانی خۆیان داخستبوو، هەر بەم بیانوویەش ئیدارەی ئەماکێن بە شێوەی ناقانوونی دوکانو شوێنە سنیفییەکانی ئەوانی داخستوە.

پلۆمپ کردنی ئەم یەکە سینفییانە لە حاڵێکدا بووە کە پێشتر ئەم یەکە سینفییانە بە نووسراوە ئاگادار نەکراونەتەوەو بەبێ ئەوەی خۆیان لەوێ بن یان ئاگاداری دۆخەکە بن لێیان داخستوون.

داخرانی ئەم یەکە سینفییانە بە مانای دژایەتیو سووکایەتی بە بیرو باوەڕی ئەوانو پێشێلکرانی ئەسڵی ٢٣ی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیشە کە دەڵێ ڕاپشکنیی خەڵک قەدەغەیە. هەروەها بەپێی مادەی ٢٨ی قانوونی نیزامی سینفی، دوکاندارو خاوەنانی یەکە سینفییەکان دەتوانن تا ١٥




ڕۆژیش بەبێ ئاگاداریی یەکیەتییە سینفییەکان شوێنەکانی خۆیان دابخەن.

شایانی باسە لە ماوەی ئەم مانگەدا ١٦ یەکەی سینفی دیکەی بەهاییەکان لە قائیم‌شارو ٢ یەکەی سەینفیی دیکەش لە بابۆل پلۆمپ کراون.

# هەموو ساڵی ڕێژەی تووشبووان بە ئێدز لە ئێران سەدی ١٠ زیاد دەکا

حەسەن قازی‌زادەی هاشمی، وەزیری بێهداشت، دەرمانو فێرکاریی پزیشکیی ئێران دەڵێ لە ئێران ساڵانە ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشیی ئێدز تا ئاستی سەدی ١٠ زیاتر دەبێ.

هاشمی لە لێدوانێک‌دا بۆ هەواڵدەریی ئێرنا گوتی لە ڕابردوودا هۆکاری سەرەکیی ئێدز لە ئێران گواستنەوەی لە ڕێگای بەکارهێنانی دەرزی لە نێو موعتادەکانی توشبوو بە ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام ئەمڕۆکە هۆکاری سەرەکیی گواستنەوەی ئەم ڤیرووسە "پێوەندییە جینسیەکانە"و بەکارهێنانی شیشەو مادەی هۆشبەری سەنعەتیش پەرەیان بە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە داوە.

بە قسەی وەزیری بێهداشت، یەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەم نەخۆشییە لە ئێران "شاردنەوەی تووشبوونو نەدرکاندنی ڕاستییەکانی ئەم نەخۆشییە لە لای خەڵکو ناوەندە دەرمانییەکانە."

هاشمی هەروەها دەڵێ چەندی ڕێژەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا زیاتر بن، پەرەسەندنی گواستنەوەی ڤیرووسی ئێدزیش بە هەمان شێوە ڕوو لە زیاد بوون دەکا.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان، لە سەرەتای سەرهەڵدانی نەخۆشیی ئێدز لە ئێران لە ساڵی ١٣٦٥ تا ئێستا ٣١ هەزار کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە دەستنیشان کراونو بەو جۆرە کە مەزندە کراوە ١٢٠ هەزار کەسی دیکەش توشبووی ئەم نەخۆشییەن، بەڵام ناویان لە



ناوەندەکانی دەرمانی‌دا تۆمار نەکراوە. لە نێو سەرجەم کەسانی تووشبوو بەم نەخۆشییەش لە ئێران تا ئێستا نزیکەی ٧ هەزار کەس گیانیان لە دەست داوەو نزیکەی سەدی ١٥ی تووشبووانیش لە ژنان پێک هاتوون.

شایانی باسە وەزارەتی بێهداشت ڕایگەیاندووە کە ڕێژەی تووشبووان بە ئێدز لە جیهان لە کەمی داوە، بەڵام لە ئێرانو وڵاتانی دراوسێی ئێران ئاستی ئەم نەخۆشییە ڕوو لە هەڵکشانە.

کوردستان
ژمارە: ٦٧٩
١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٥
٥ی مەی ٢٠١٦

# رۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی و وەفایەک بۆ قەڵەمبەدەستانی دەروەست ودەربەند

سێیەمین رۆژی مانگی مەی بەرانبەر بە١٤ی بانەمەڕ بە رۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی(مطبوعات) ناوزەد کراوە

لەدوای داهێنانی یەکەم ماشینی چاپ لەسەردەستی «یوهانس گوتینبرگی ئاڵمانی»یەوە نزیک بە ٦٠٠ساڵ لەمەوپێش رەنگە بۆ خویشی نەیزانیبا کەئەم سەنعەتە هێندە کاریگەریی دەبێ بەسەر ڕەوتی پێشکەوتن وپێشخستنی کۆمەڵگای مرۆیی. سەنعەتی چاپ هەر لەدەسپێکەوە تاکوو ئێستا لە بۆارە جیاجیاکان ،چ بواری زانست،چ بواری فیکری وئەدەبی و گەشەی هزروئەندیشەکان رۆڵی بەرچاوی گێراوە،هەربۆیە ئەم سەنعەتە گرینگە لە هێما بەرجەستەکانی سەدەی رۆشنگەرییەورۆژبەرۆژ لە پەرئەستندایە.سەرەڕای ئەوەی کە پێگە وجێگەی بەرزی هەیە چاپەمەنی بەڵام هیچکات بەتەواوی ڕووی ئارامشت وئەهەوەنی بەخۆی نەبینیوە، مەلی بزیوی چاپەمەنی زۆرجار لە قەفەسی دەسەڵات وسیاسەتە بەرتەسکەکاندا هەژارانە هەڵکوورماوەونەیتوانیوە بە چەشنی شیاو ڕەها و سەربەخۆ ،لە کەشوهەوایەکی ئازاد دا جریوەی هەبێ.چونکە لە بنەرەتدا چاپەمەنی بۆ بانگەشەی رووناکبیری و وەشانی بیروڕاجیاوازەکان و شێوە ڕاونینەکان هاتە ئاراوە.چاپەمەنی گەیاندنی دەنگی بیروهزری هزرمەندان و بیرمەندانە بە تاک بەتاکی کۆمەڵگە هەر بۆیە بەسەر شێوەی بیرکردنەوەکان وگۆڕانی ڕوانگەکان کاریگەریی هەیە.بەم پێناسە کورتە لەم سەنعەتە پڕبایەخە دەتوانین بێژین:کۆمەڵگەی هەستیاروشوێندانەری چاپەمەنی بەهەموو لق وپۆپەکانیەوە(نووسەر،رەخنەگر،رۆژنامەوان،ویبلاگنووس...)

بەجۆرێک لە جۆرەکان هەڵگر یان نوێنەری دەنگی سەردەم وخەڵکی خۆیانن هەر بۆیە مێژوویەکی پڕلە چەوسانەوەیان هەیە وزەبروزەختی ئیگجار لەسەریان خراوە.دەسەڵاتە دوگم ودیکتاتۆرەکان بۆ پێشگرتن لەهەر چەشنە گۆرانکاریی یان هەڵایسانی دەنگی نارەزایەتی لە نێو جەماوەری ژێر رەکیفی ئەوان،بە توندترین شێوە چنگیان لەناخی دەنگی نووسەران ورۆژنامەنووسان ناوەو،بە تەوەری بەرچاوتەسکی ومەقەستی ملهۆریی کەرامەتی قەڵەمیان شکاندوەو پروباڵی مەلی ئەندیشەیان قرتاندوە.هەربۆیە لە ئێستادا گەشەی بنەما دیمۆکراتیکەکان وئاستی رۆشنبیری هەر ولاتێک بەچەشنێک گرێدراوە بە رێژەی قەڵەمبەدەستانی ئەو وڵاتەو هەروەها ئازادی چاپەمەنی لەو کۆمەڵگایە.بە واتایەکی دیکە هەر دەسەڵاتێک کە مەجالی ئازاد وبێ لەمپەڕ بۆ گەشەی چاپەمەنی نەرەخسێنێ بەرەبەرە لە دیکتاتۆرییەو بەرەو تۆتالیتەریی هەنگاو دەنێ ولە هەر وڵاتێک قەڵەمبەدەست وهەواڵنێرو رۆژنامەوان بخرێنە زیندانەوە ئەو وڵاتە لەگەڵ سەرەرۆیی،توندوتیژی سیاسیی وفەرهەنگی و فەزای فیکریی داخراو رووبەروو دەبێتەوە.هەروەها بارهێنانی بەرەی نوێی وریاوچاوکراوە بە هەبوونی قەڵەمبەدەستانی ئازاروبوێر گرێدراوە.

بە پێی ئەم پێناسەو هەروەها پێگەی گرنگی چاپەمەنی ئەڵبەت لە کەشوهەوای ئازاد و هەوڵدان بۆ بردنەسەری ئاستی دەسئاوالایی نووسەران وخاوەن بیران ورۆژنامەوان لە سەرانسەری جیهان لەلایەک ولەلایەکتر هەڵسوکەوتی نەشیاوی دەوڵەتەکان لەگەڵ ئازادی چاپەمەنی بۆ بە بیانوویەک کە رێکخراوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە٢٠ی دیسامبەری١٩٩٣ لە ساڵرۆژی بڵاوبوونی جاڕنامەی «ویندهوک»کە لەبارەی گەشەی ڕاگەیاندنە سەربەخۆەکانی ئافریقایی لەساڵی ١٩٩١دەرچوبوو بەم بۆنەوە ویونسکۆ لە شاری «ویندهوک»پێتەختی وڵاتی «نامبیا» رۆژی سێ مانگی مەی بە رۆژی ئازادی چاپەمەنی لە جیهان ڕاگەیاند.

مەبەستی سەرەکیی ناوزەدکردنی وەها رۆژگەلێک وەکو رۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی بەجۆرێک وەبیرهێنانەوەو پلتۆک لێدانە بەو دەسەڵات وسیستمە سیاسیانەی کە رێگرن لە گەشەی چاپەمەنی ئازادو چالاکانی ئەم بوارە لە دۆخێکی نەباش وناشیاودا دەژین.وڵاتانی دیکتاتۆر کە بە سانسۆری سیستماتیک لەهەوڵی کپ کردن وداخستنی دەنگ ودەرگای بیروڕا جیاوازەکانن وهەر رۆژ بەبیانوویەک لەلایەن ئەو وڵاتانەوە رۆژنامە وبڵاوکراوەکانێک کە ڕووی ڕەخنەیان لە دەسەڵاتەو بەجۆرێک پاڵپشتی مافی شارۆمەندانن دادەخرێن و چالاکانی میدیاکاروڕاگەیاندنکار ڕەوانەی زیندان دەکرێن. بە پێی ڕاپۆرتی «هەواڵنێرانی بێ سنوور» ئێران زیندانێکی بەرینە بۆ هەواڵنێران ورۆژنامەنووسان ووێبلاگنووسەکان و بەکردەوە دەسەڵاتدارانی کۆمارئیسلامی دوژمنی ئازادی چاپەمەنین.بەتایبەتی لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە مانگی جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاوی کۆمەڵگەی چاپەمەنی و میدیاکاران ورۆژنامەنووسان بە توندترین شێوە کەوتنە بەر شاڵاوی رەشبگیری وبە پێی داتاکان لەوسەردەمە زیاتر لە ٢٠٠ رۆژنامەنووس وچالاکانی بواری ڕاگەیاندن دەسبەسەرکراون وهەروەها بە دەستووری رێبەرانی ئەسڵی نیزام نزیک بە ٣٠٠ ڕۆژنامەوبڵاوکراوە لە ئێران داخراون. هەر وەها لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی حەسەن رۆحانی ٣٤ رۆژنامەنووسی پێشەیی وغەیرە حرفەیی هێشتاکە لە زیندان ڕاگیراون و ئێران بە زیندانی رۆژنامەنووس هاتووتە ئەژمار هەربۆیە سازمانی»هەواڵنێرانی بێ سنوور» بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە پێشلکار ودوژمنی ئازادی چاپەمەنی تاوانباردەکا و خوازیاری ئەوەیە کە تەنانەت لەم بارەوە دادگایی بکرێن..بێ گومان کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای بەسەرکار هاتنی بە دامەزراندنی ناوەندە جۆربەجۆرەکان وەکوو هیئەتی چاودێری بەسەرچاپەمەنیەکان و(ممیزی)کەوتە سانسۆرکردنی هەرچەشنە دەنگی موخالیف وناڕازی هەربۆیە ساڵ نیە کە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران یان لە کار بێکار دەبن یان بەناچاری وڵاتی خۆیان بەجێدەهێڵن.ترسی سەرەکیی حاکمییەت لە گەشی ئازادی چاپەمەنی لەدەستدانی دەسەڵاتی نادیمۆکراتیکی خۆیە ودەزانێ لەم بارەوە چاپەمەنی سەربەخۆ ونادوڵەتی مەترسیدارترین چەکە.چونکە لەسەر بیرو روانینی تاک بەتاکی کۆمەڵگە کاریگەریی دادەنێ وریگەخۆشکەرە بۆ ریفۆرم وهەرچەشنە گۆرانکاریەک کە بەویست وخوازی دەسەڵات نیە.رووی سانسۆری رەشی دەسەڵاتی بەسەر قەڵەم وچاپەمەنی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران تیژتروزێدەترە.هەربۆیە رۆژنامەنووسان وچالاکانی بواری چاپەمەنی لە کوردستانی ئێران زەبروزەختی زیاتریان لەسەرە.بەتایبەتی ئەو قەڵەمە دەروەستانەی کە لەخزمەتی وشیاری وبردنەسەری ئاستی هەستی نەتەوەیی دەنووسن وحازرنین قەڵەمی ئەوان ببێتە تریبۆنێک بۆ بانگەشەی سیاسەتە نارەواکانی دەسەڵات،بەڵکوو هەموو کاتێک دەنگی گویا وبەرزی خەڵکی خۆیان وبۆ سڕینەوەی ئاسەواری دواکەوتوویی سیاسی وفەرهەنگی لە تێکۆشاندان.ئەگەرچی بەهۆ نەبوون یان کەمی چاپەمەنی نادەوڵەتی قەڵەمبدەستانی ئەمرۆکەی ژێرسێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بە پێی ویستی خۆیان قەڵەمەکەیان بنووسن بەڵام لە کەمترین دەرفەتی رەخساویش زۆر بە باشی و بەدەروەستی دەرکەوتوون تەنانەت لەم باریشەوە تێچووی زۆریان داوەو دەیان نووسەریش لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان تووشی زیندان بوون یان لە بێکارکراون یان وڵاتیان بەجێهێشتووە.کەسانێک وەکووعەدنان حەسەنپوور،برایانی کوردپوو،کەماڵ شەریفی،سدیق کەبوودوەند و هتد.. نموونەی بەرچاوی قەڵەمبەدەستانی دەروەست وبەندکراون. وە هەروەها بەربەست خستنە سەرڕی بەشێکی دیکە لە چالاکانی بواری چاپەمەنی نیشان لەوزەبرەیە کە کۆماری ئیسلامی لەجەستەی چاپەمەنی ئازاد دەداو ئازاری ئەم سانسۆرە لە چاپەمەنی کوردیدا کوشەندەترە.بە ئاوردانەوەیەک بەسەر ڕەوتی چاپەمەنی کوردی لە ژێر ڕەکێفی پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامی بوومان دەردەکەوێ کە بەراستی قەڵەمبەدەستانی دەروەست لە گەشەی هزروبیری نەتەوەیی وئینسانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وتەنانەت لە ئاستی گەورەتر لە پانتایی ئێراندا چەندە کاریگەریی ئەرینییان هەبووە،هەر بۆیە لە م بۆنە مەزنەدا واتە رۆژی ئازادی چاپەمەنی لەجیهان ، دەبێ لەلایەن رێکخراوەجیهانیەکان و «هەواڵنێرانی بێ سنوور» بە نیسبەت ڕادەی ئازادی رۆژنامەنووسان و ویبلاگنووسانی کورد و گیروگرفتەکانیان سەرنجی زیاتر بدرێت هەتا هەموو تێکۆشەرانی ئەم بوارە هەستیارە بتوانن زیاتر لەجاران بەشێوەی پێشەیی و بێ ترس دادکۆکیکاری مافەکانی خەڵکی خۆیان بن.

ژێدەر؛ماڵپەڕی «بی بی سی»..

کاری هاوبەشی سێ هونەرمەندی خاوەن هەستی رۆژهەڵاتی بە بۆنەی ١١ ی بانەمەڕ ساڵرۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەمەد.

نەخشاندنی پەیکەرەی «پێشەوا» بە سێ هەزار پەپوولە

بە هونەرمەندیی «شۆرش ئاهی»و «ئاسۆ مامزادە»



## هۆنراوەی «سەرۆك كۆماری پەپوولە» ساماڵ ئەحمەدی.

سەرۆك كۆماری پەپوولە
***
پانتای بێپایانی پەپوولە و پەیڤ بوو
ئاكاری سووكی هەڵفڕین و
واتای ڕووناكی تیشكی دەگێڕایەوە
كە لە زستانی زمهەریردا
چلۆن وەجاخی سڕ و تاریكی باخ ڕوون دەكات و
دەبێژێ:
ئێمە وشەكانی دواین ڕستەی دنیاین
لە كۆنترین كتێبی هەبووندا...
٢٠١٦.٥.٢ / ساماڵ ــ هەولێر

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 679 5 May 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ڕێوڕەسمێک لە بۆکان بۆ یارمەتیدانی توشبووانی شێرپەنجە بەڕێوەچوو

لە ڕەوتی ڕێوڕەسمێکدا لە بۆکانو بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەوکەسانەی نەخۆشیی شێرپەنجەیان هەیە، چەند میلیۆن تمەن یارمەتیی خەڵکی کۆ کرایەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی بانەمەڕ لە سالۆنی سیمۆرغی بۆکان بە بۆنەی ڕێزلێنان لە ڕۆژی باوک بە ئامادە بوونی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک ڕێوڕەسمێک بە قازانجی نەخۆشە سەرەتانییەکان بەڕێوەچوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا خاتوو قورەیشی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئونجومەنی پشتگیری لە نەخۆشانی سەرەتانیی "سەبا"، ڕاپۆرتێکی لە بابەت کارو چالاکییەکانی ئەم ناوەندە پێشکێش کردو پێداگری لەسەر پێویستیی بەردەوامیی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە بۆ یارمەتیدانی نەخۆشەکانی توشبوو بە بە شێرپەیجە کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا فیلمێکی دیکۆمێنتی لە توشبووان بە نەخۆشیی شێرپەنجە پێشان دراو، لە درێژەی بەرنامەکانی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەند پارچە شێعر و مووسیقی بە



شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا بە شێوەی سەمبولیک ١٠٠ داخڵە پووڵ فرۆشرا و هەروەها یارمەتیی نەغدیی چەند میلیۆن تمەنی لە لایەن خەڵکی بازاڕی، فەرهەنگیانو باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە مەبەستی یارمەتی گەیاندن بەم نەخۆشانە کۆ کرایەوە.

# ماموٚستای فیداکاری گەیلانی ڕۆژاوا دییەی منداڵەکەی بۆ دروستکردنی قوتابخانە تەرخان کرد

بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردەو بارهێنانی گەیلانی ڕۆژاوا گوتی ماموٚستایەکی فیداکاری گەیلانی ڕۆژاوا هەموو دییەی منداڵەکە کە بەهۆی ڕووداوی ماشێن گیانی لە دەست دابوو، بۆ دروستکردنی قوتابخانە تەرخان کرد.

ئەم ماموٚستا لەخۆبوردوویەی گەیلانی ڕۆژاوا سەردانی دەفتەری بەڕێوەبەری پەروەردەو بارهێنانی ئەم شارەی کردووەو ڕایگەیاندووە کە دییەی کوڕە لاوەکەی خۆی خەرجی دروستکردنی قوتابخانەیەک دەکا.

پیرووز پەرنوون، باوکی خوالێخۆشبوو محەممەدجەواد پەرنوون خوێندکاری ساڵی دووهەمی ڕشتەی شیمیی زانکۆی ڕازیی کرماشان، دییەی کوڕەکەی بۆ دروستکردنی چەند خوێندنگە لە ئاواییەکانی "چشمه پهن فریدوون"، "قمرالی"، و "سنگچین سالح" تەرخان کردوە.

ئەم باوکە دڵسووتاوە ڕۆڵە خوێندکارەکەی خۆی کە تاقەکوڕیشی بووە، بەهۆی ڕوداوی ماشێن لە ناوچەی "ژاومرگ وارو" لە دەست دابوو.

ماموٚستا پەرنوون یەکێک لە ماموٚستا دڵسۆزو ماندوویی نەناسەکانی شاری گەیلانی ڕۆژاوایە کە پاش ٢٩ ساڵ خزمەتی سادقانە و بەجێ گەیاندنی ئەرکی ماموٚستایەتی، ئێستا دوایین ساڵەکانی خزمەتی خۆی تێپەڕ دەکا.

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادە سەدەمین ساڵی کۆچی دوایی میسباحەدیوانی ئەدەب لە بۆکان

لە سەدەمین ساڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد میسباحەددینی ئەدەب کۆڕیادێک بۆ ڕێزلینان لەو شاعیرە گەورەی کورد لە گوندی باخچەی شاری بۆکان بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕیادەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢ ی بانەمەڕ بەبەشداریی دەیان شاعیرو ئەدیبی کوردو هەروەها پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئاوایی باخچە بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک بابەتو وتار لە سەر کەسایەتیی ماموٚستا میسباحەدیوانی ئەدەب پێشکێش کران.

کۆڕیادەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز لەلایەن هادی قەدیمی دەستی پێکردو لەلایەن سەید یاسین قورەیشی، بەڕێوەبەری بەرنامەکە باسێک لە ژیانو بەرهەمەکانی ماموٚستا میسباحەدیوان کرا.

لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا چەند وتارو بابەتێک لەلایەن مستەفا ئیلخانیزادە، بەرپرسی ناوەندی فێرکاریو فەرهەنگی ئەدەب، لوقمان ڕەحیمی، هونەرمەندی وێنەگری خەڵکی ئاوایی باخچە پێشکێش کران.

وتاری خاتوو دوکتۆر مێهری پاکزاد لەسەر کەسایەتیی چەند ڕەهەندیی ماموٚستا میسباحەددیوانو خوێندنەوەی چەند



غەزەلێکی ماموٚستا لەلایەن بەڕیزیان برگەیەکی دیکەی بەرنامەکە بوو. ئەو کۆڕیادە بە وتارەکانی محەممەد سەعید نەجاری ( ماموٚستا ئاسۆ)، سەردار سەیفی قازیو ئەمجەد فەرەجی درێژەی پێدراو خوێندنەوەی شێعر لەلایەن ڕەسووڵ چوپانی ( شوانە)، برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوو.

لە دوایین برگەی کۆڕیادەکەشدا بەشداربووان چوونە سەر مەزاری ماموٚستا مێسباحەدینی ئەدەبو بە خوێندنی فاتیحا یادو بیرەوەریی ئەو شاعیرە گەورەیەی کوردیان بەرز ڕاگرت.

# کۆڕی پەردەلادان لەسەر کتێبی "ڕێبازو شێوازەکان لە ویژەی کورددا" لە شنۆ

بنکەی فەرهەنگی هونەریی پڕشنگی گەلاوێژ لە درێژەی چالاکییەکانی فەرهەنگی و ئەدەبیی خویدا داونیوەڕۆی سێشەممە، ٧ بانەمەڕ کۆڕێکی بۆ پەردەلادان لە کتێبی "ڕێبازو شێوازەکان لە ویژەی کورددا"، بەرهەمی نووسەر ڕەحیم فتوحی پێکهێنا.

ئەو کۆڕە بە بەشداریی کۆمەڵێک لە نووسەران، شاعیران، توێژەرانو ئەدەب دۆستانی شارەکانی شنۆ، مەهاباد، خانێو ورمێ لە هۆڵی ئیدارەی ئێرشاد بەڕێوەچوو. لە سەرەتای بەرنامەی کۆڕەکەدا ڕەحیمی، بەرپرسی ئیدارەی ئێرشاد باسێکی لە بایەخی کتێبو پەردەلادان لە بەرهەمی نوێیەکان کردو دواتر عەلی ڕەزا محەممەدنژاد، ئەندامی بنکەی فەرهەنگی هونەریی پڕشنگی گەلاوێژ بابەتێکی لەسەر توێژینەوەو چالاکی ئەدەبیی ڕەحیم فتوحی، نووسەری کتێبی "ڕێبازو شێوازەکان لە ویژەی کورددا"، باس کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕەدا عومەر محەممەدی، چالاکی ئەدەبییو فێرکاریی زمانی کوردی پەیامی دوکەس لە ڕەخنەگرانو نووسەرانی بواری ئەدەبیو زانستی؛ دوکتور مەسعوود بینەندەو دوکتور .بەختیار سەجادی خوێندەوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا شاڕوخ حسەنزادە لێکۆلەری مێژوو لەسەر بنەماکانی زانستیو مێژووی کتێبەکەو هەوڵو تێکۆشانی



نووسەر بۆ ئەو ئەرکە دەگمەنو پێویستەی بەستێنی شێوازەکانی ئەدەبیی کوردی باسێکی تایبەتی پێشکەش کرد. لە برگەیەکی دیکەی کۆڕەکەشدا ڕەحیم فتووحی، بەکورتی ئاماژەی بەهێندێک لایەنی لێکۆڵینەوە لەسەرکارەکەی خۆی کردو پێداگری لە سەر ئەمانەتداری سەرچاوەکان کرد.

دوابرگەی بەرنامەکەش پەردەلادان بوو لەسەر کتێبەکە کە ئەو ئەرکە بە ماموستا خالید ئەویندار، کاک سەید حوسێن موسلیح، کاک فەتاح(ڕێباز)و حاجی قوباد زرزا سپێردرا.

بەر لە ماڵاوایی

# قەقنەس و خۆڵەمێش



مەنوچێهری پووردل

بێگومان تا ئێستا هیچ بیرمەندێ وەک ئێدوارد سەعید بە نێو ئێش و ئازارەکانی پەنابەراندا شۆڕنەبۆتەوە، سەعید وەک مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی لای وایە: هەستی پەنابەری هەڵقەندراو لە زێدی خۆی و هەستی نەبوون بە پاژێک لە گشتی ئەو وڵاتەی کە ڕووی تێدەکا بەردەوام لە ململانێی یەکتریدان، واتە مرۆڤی پەنابەر هەرگیز پای لە زەوی گیر نابێ و وەک جوولەکە سەرگەردانەکە هەتاهەتایە عەودالە.

ڕەواندن یان دوور خستنەوە، ئێمە لە ناسنامە و کەسایەتی خۆمان دوور دەکاتەوە و لە ناکاو بە جۆرێک لە جۆرەکان لە رووح و دەروونی مرۆڤدا پنگ دەخواتەوە و لە مرۆڤ کەسێکی بێکەڵک ساز دەکات، مرۆڤێک کە هەست بە غەریبی و هەست بە دوور بوون لە زێدی دایکی بەتەواوی دڵگرانی دەکات. مرۆڤێک کە دەنگ و زمزمەکانی سەردەمانی منالی چیتر گوێ لێنابێ ، خواردنەکانی وڵات و ناوچەی خۆی چی تر ناخوات و ناتوانێ سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ کچانی وڵاتەکەی بدرکێنێ. ئەو مرۆڤە، لە کلتوور و داب و نەریتی وڵاتەکەی دابڕاوە. هەر بۆیە ئێدوارد سەعید دەڵێ کە بە ڕەواندن یان دوورخستنەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا وەک شێوازێک لە سزای سیاسی سەردەمیانە، دەبێ بە شێوازێکی دیکە سەیر بکرێ (دەبێ سەرەتا کەسانێک وەک جۆیس و ناباکۆف وەلانێین و لەبری ئەوان بڕوانینە کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و ڕەشۆکی کە بە هۆی ئەوانەوە ئاژانسە ورد ودرشتەکانی ڕێخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهات).

هەروەها سەعید لە چوارچێوەیەکی دیالێکتیکی هێگلی‌دا باسی پەیوەندی نەتەوەخوازی و ڕەواندن دەکا، ئەو بە شوبهاندنی ناسیۆنالیسم و تاراوگە بە خوداکان و بەندەی هێگل، ئاماژە بە کارتێکەرییەکانی ئەم دوو چەمکە دەکا و پێیوایە گشت نەتەوەخوازییەک وەک سەرەتا بەرهەمی دوورخستنەوە و بەنامۆکردنە.

لە سنووری نێوان (ئێمە) و (بیانییەکان) یان بە واتایەکی تر «من و ئەویتر»دا دەڤەرێکی پڕمەترسی هەیە کە پێیدەوترێ نەبوونی گرێدراوی (عدم تعلق). عدم تعلق ئەودیوی دراوی بێبەشی لە ناسنامەیە. نەتەوەخوازی تایبەتە بە گرووپ و لایەنەکان بەڵام ئاسەوارەکانی ڕەواندن هەمووکات لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا خۆی دەرخستووە. ڕەواندن بە شێوەیەک لە هەست بەتەنیایی بوون و دوور خستنەوە لە ژیان لە ناو کۆمەڵگای داخوازی دڵی مرۆڤە. ڕەواندن هەموو کات هەستێکی لە زیادی بوون و سەربار بوونی هەیە میوانێک کە هیچ هەست و باوەر و زانیارێکی لەسەر فەرهەنگ و کلتووری شوێنی نیشتەجێبوونەکەی نییە و هەموو کات وەک بێگانەو بیانی سەیر دەکرێ . لە بەرچاوی پۆلیش هەموو کات لە ئەگەری هەڵەکردن دایە. پەنەبەران و تارێنراوان وەک یەکەم گوومان لێکراوەکان سەیر دەکرێن، کێ ئەو تاقەتەی هەیە کە ژیانی وەک گومانلێکراوی سەرەکی لە کۆمەڵگادا تێپەڕێنێ و لەبەر چاوی دراوسێکەی وەک بێگانە سەیر بکرێ. حاشا هەڵنەگرە کە لە وەها کاتێک دا ئارامشی دەروونی لە مرۆڤ دا بۆ ئاستێکی زۆرنزم دادەبەزێ. رەنگە ئێستا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئاخۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سزایەکی باشە یاخود تایبەتە بە سەردەمانی پێشتر لە ژیانی مرۆڤ ؟

دیارە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک حاشا لەوە بکەین کە ڕەوتی تاراندن یەکێکە لە ناخۆشترین سزاکان بۆ سەر مرۆڤ ، هەر وەک سەعید باس دەکات : هەموو کات لە نێوان بیری دوورخستنەوە، ڕەواندن و تووشبوون بە گوولی ، پیسی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ، پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی وەبەر چاو دەکەوێ. وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمانی نوێ، دوورخرانەوە لە دۆخێکی تاکەکەسی دێتە دەرێ و گشت کۆمەڵکا دەگرێتەوە بە شیوازێک کە ئێمە کۆمەڵگای تارێنراویشمان هەیە هەر وەک بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،باکور، باشور ،ڕۆژئاوا ،وڵاتانی دیکە وەک فلستین. زۆر جاریش شەڕ و برسێتی و نەخۆشی بۆتە هۆی ڕۆیشتنی کەسانێکی زۆر لە وڵاتەکەیان بۆ وێنە ڕۆیشتنی ئەرمەنێکان پاش هێرشی تورک بۆ سەریان

مرۆڤی تارێنراو لە ناو بەرزخ دا دەژی، نە وەک کەسێکی پەیوەندی دار بەو شوێنە نوێیەی لێی نیشتە جێیە و نە بە تەواوی دڵی لە شوێنی نیشتە جێی قەدیمی دەبێتەوە و هەر ئەو بابەتە، ڕەواندن تا ئاستی سزایەکی نامرۆڤانە دەکێشێتە ژێر چنگی خۆی. ئاخۆ نابێ لە فکری پیلانێکی نوی دابین بۆ لابردنی ئەو سزا نامرۆڤانەیە ؟

لە ئەساس دا،دوورخستنەوەی مرۆڤ نە وەک سزای ئێعدام پڕ لە ترس و پەژارەیە، نە وەک زیندان پڕلە غەمی بێبەش بوون لە دیتنی ئاسمان وئینسانەکان و ڕۆژنامەکانە. ڕەواندن لە ئەساس دا نە ئاسەواری ئەشکەنجەی فیزیکی هەیە و نە دڵەڕاوکە ی هاو قەتار بوون لەگەڵ خراپکاران. ڕەواندن پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دابڕان لە زێدی دایکە، هەموو کاتیش ئەو بیرۆکەیە هەیە کە ئاسمان لە هەموو شۆنێک یەک ڕەنگە ، بەڵام لە ناو دەرون دا دوور خستنەوە یان هەمان ڕەواندن دڵ هەژێنە . غوربەت و دەردی دووری فەڕقێکی ئەوتۆی لە زیندان نییە، ڕەواندن شێوازێک لە تێکڕمانی ژیانە.مرۆڤی دوورخراوە لە زێد لە ڕیشە و نژاد و زێدی خۆی دابڕاوە و لە شوێنێکی دیکە ئازاد دەکرێ و دەبێ سەر لەنوی کۆڵەکەی ژیان دابنێ ،کە چ لەوە دژوارتر هەیە؟

ڕەواندن پێداویستێکانی مرۆڤ بە هەبوونی ڕیشە و هەستی هەبوونی ناسنامە بەتەوای کوێردەکاتەوە. هەموو مرۆڤێک ماڤی خۆیەتی کە ئازادانە لەم جیهانە دا بێتوو بڕوات و لە زێدی خۆی دا بژی و بمرێ .

لە کۆتاییدا ئەو پرسیارە گرینگە دەمێنێتەوە کە ڕەواندن یان دوورخستنەوە لە زێدی دایک سەرەڕای ئەو هەمووە گوشارە دەروونی و تاقەت پرووکێنەی دەیخاتە سەر مرۆڤ، چۆنە لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و سەرکەوتن ؟ ویکتۆر هۆگۆ، جێمزجویس، تێۆدۆر ئادۆرنۆ، ولادیمێر ناباکۆف، ئیوان تۆرگنیف و ئەو کەسانەی دیکە چۆن لەناو ڕەوتی تاراندن دا توانیویانە وەها درەوشاوە بن؟ چۆن توانیویانە وەک قەقنەس لە خۆڵەمێش سەرهەڵدەنەوە؟ ئایا چۆن دەکرێ پەنابەر لە تاراوگە مافە ئینسانییەکانی خۆی دەستەبەر و مسۆگەر بکا و دواجار بگاتە ئەو شوێنەی کە لاقەکانی لە عەرز جێگیربن؟ بێگومان وڵامی ئەم پرسیارە لای خۆیەتی.